گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 2943 (PP 14-34)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.2

توێژینەوە

# شێوازی هێڵی گشتی و تایبەتی شیعرە سۆفیگەرییەکانی "صافی" لە ئاستی هزریدا

ڕێبوار محمد اسماعیل / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیەی سەرەوە، لە ژێر ناونیشانی (شێوازی هێڵی گشتی و تایبەتی شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافی لە ئاستی هزریدا)یە. لێرەدا بابەتی سۆفیگەری و بوارەکانی پەیوەست بە سۆفیگەری دەخرێتەڕوو، ڕەهەندەکانی ئەم بابەتە لە شیعری (صافی هیرانی)دا تیشکی لێکۆڵینەوەیان دەخرێتەسەر. لە بەشی یەکەمدا چەند لایەنێکی گشتیی و تیۆری لەسەر ناساندنی بابەتەکە دەخرێتەڕوو، ئینجا لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە شێوازی گشتی بابەت و هزری سۆفیگەری لە دەقی شیعریدا دەکرێت، دواتر باس لە شێوازی تایبەتی "صافی" دەکرێت لەم مەیدانەدا، ناوەڕۆك و چەندییەتی و چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی بنەما سۆفیگەرییەکان لە دەقە شیعرەکانی "صافی" خراونەتەڕوو.

"صافی" وەك یەکێك لە شاعیرە کلاسیکەکانی سەر بە قوتابخانەی کرمانجی ناوەڕاست، لە ژێر کاریگەری سۆفیگەری ئیسلامیدا، لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا، گوزارشتی لە هەست و بۆچوونە سۆفیگەرییەکانی خۆی کردووە. کە خۆشەویستی و عەشقی حەقیقی و تەریقەت بوون بە یەکێک لە مۆرکەکانی دەقی شیعریی "صافی"، سۆفیگەری هەم وەکو ڕێباز هەم وەکو چەمك و زاراوە و بوار و بابەتەکانی پەیوەست بەم جیهانە لە جیهانبینی صافیدا بوونی هەیە، ئەم ڕاستییەش لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

CORRESPONDENCE
ڕێبوار محمد اسماعیل
rebwar.ismael@su.edu.krd

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/ 15

وشە سەرەکییەکان:
سۆفیگەری،
شێوازی تایبەتی،
ئاستی هزری،
عەشقی ئیلاهی،
پەیامداری.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1-1پێشەکی :**

شێوازی هێڵی گشتی و تایبەتی شیعری سۆفیگەریی "صافی" لە ئاستی هزریدا، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر خاسییەت و تایبەتمەندییەکانی شێوازی گشتی و شێوازی تایبەتی لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی "صافی هیرانی"دا، کە تەنیا لەسەر ئاستی هزریدا شیعرەکان شیدەکرێنەوە و ئاماژە بە شێوازی باس و تەوەرەکانی ناوەرۆکی سۆفیگەری و پەیامداری سۆفیگەری شیعرەکانی "صافی" دەکرێت.

بواری لێکۆڵینەوەی شێوازناسی لەسەر دەقی شیعریدا زۆر فراوانە، بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی ڕووخسار و ناوەرۆکدا لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدات، لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندەکانی ڕووخساری دەقی شیعری، ئەوا پەیوەستە بە کارکردن لە ئاستی پێکهاتەییدا، کە جگە لە لایەنی زمانی زۆر ڕەهەندی تریش دەگرێتەوە، کە بە بواری تەکنیکی و شیعرییەتی دەقەوە پەیوەستن. وەکو ڕەوانبێژی و خاسییەتەکانی ژانرە ئەدەبییەکان، کە خۆی لە فۆڕم و جۆری شیعر و قاڵب و کێش و قافیە و وێنەی شیعری و هێما و لایەنەکانی تر دەبینێتەوە.

لێکۆڵینەوەی شێوازناسی لە ناوەرۆکی دەقی شیعریدا، پەیوەستە بە بنیات و ئاستی هزری دەقەکە، کە تێیدا پەیام و مەبەست و بواری هزری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی دەقەکە دەخرێتەڕوو، بەمەش دید تایبەت و جیهانبینی شاعیرەکە و شێوازی کەسی دەدۆزرێتەوە، کە دەبن بە خاسییەت و دیاردە شێوازییە کەسییەکانی شاعیرەکە.

شێوازناسی بە پێی خاسییەتە گشتی و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی شاعیر و بەپێی سیفەتە مادی و مەعنەوی و کۆمەڵایەتییەکانی شاعیر، لەسەر دوو هێڵی لێکۆڵینەوە کار دەکات لە ڕووخسار و ناوەرۆکی دەقدا، کە بریتین لە (هێلی شێوازی گشتی، هێلی شێوازی تایبەتی). شێوازی گشتی پەیوەستە بە بنیات و زمان و خاسییەتە هاوبەش و گشتییەکانی دەقی شیعری و هاوبەشەکانی، کە بە سیفەتە گشتییەکانی شاعیرەکەوە پەیوەستن، کە دەشێت لە زۆربەی بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرانی ناو نەتەوەیەک و سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراودا بوونی هەبێت، کە خاسییەتە گشتییەکانی بەرهەمی و ژانرەکەن نەک شاعیرەکە، بەڵام شێوازە تایبەتییەکە پەیوەستە بە ڕەهەندە کەسی و تایبەتییەکانی خودی شاعیرەکەوە، لە ڕووی عەقڵی و دەروونییەوە، کە خۆی لە هەست و سۆز و چەپاندن و گرێیە دەروونییەکان و جیهانبینی تایبەتی و ڕۆشنبیری و مەعریفەی کەسی و زیرەکی و توانای زمان و بەهرە و چێژ و سەلیقەی تایبەتی خودی شاعیرەکە دەبینێتەوە، کە ئەمە دەبێتە ناسنامە و سیمای تایبەتی جیاکەرەوەی شاعیرەکان لە یەکتریەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئاماژە بە هەردوو جۆرە شێوازی گشتی و تایبەتی بنیاتی هزری شیعری سۆفیگەری صافی هیرانی دەکرێت.

صافی هیرانی وەک یەکێک لە شاعیرە کلاسیکەکانی کورد لە قوتابخانەی شیعری کرمانجی ناوەڕاست، هەڵگری پەروەردەیەکی سۆفیگەریانە و لە ژینگەیەکی خێزانی سۆفیگەریدا چاوی بەدنیا هەڵێناوە، ئەمەش کاریگەری بەسەر هەست و سۆز و دیدی تایبەتی شاعیرەوە هەبووە و پەرەی بە لێهاتوویی و توانای شیعر نووسینی شاعیر داوە، بۆیە صافی هیرانی بە شێوەیەکی گشتی هەر لەو ڕوانگەی ئەم جیهانبینینەوە گوزارشتی لە مەبەست و پەیامە ڕوحییەکانی خۆی کردووە، بەشێکی زۆری ناوەرۆک و بنیاتی هزری شیعرەکانی سەر بەم جیهانەن. صافی هیرانی لە شیعرەکانیدا خۆی وەک عاشق و ڕێبوارێکی ڕێگەی سۆفیگەری نیشانداوە، دەقی شیعری کردووە، بە هۆکارێک بۆ گوزارشت کردن لە مەقام و حاڵەت و چەمک و زاراوە و کەسایەتی و ڕووداوە سۆفیگەری و عیرفانییەکان. ئەم ڕاستییەش لە بنیاتی گشتی و تایبەتی ناوەرۆکی شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: شێوازناسی بوارێکی گرنگی ناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، کارکردن لە شێوازناسی لە ئاستی هزریدا زۆر کەمە و زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لە ئاستی پێکهاتەییدا ئەنجامدراون، ئەمە بۆ بواری هزری دەق و پەیامداری دەقەکە شۆڕبووەتەوە، هەروەها گرنگییەکی تری لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە شێوازی گشتی و شێوازی تایبەتی شیعرە سۆفیگەرییەکانی شاعیری بە ئامانج گرتووە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) پەیڕەو کراوە، دوای ئەوەی وەسفی چەمکەکان کراوە و زانیاری تیۆری لە سەر شێوازناسی و جۆرەکانی هێڵی شێوازی گشتی و هێلی تایبەتی خراوەتەڕوو، ئینجا لەسەر بنەمای ئەو وەسف و زانیارییانە کاری پراکتیکی لەسەر نموونەی دەقی شیعری صافی هیرانی کراوە.

سنوری ئەم لێکۆڵینەوەکە: لەڕووی چوارچێوەی زانستی و بواری تیۆری لێکۆڵینەوەکە شێوازناسییە، کەرەستەی بەکارهاتوو شیعرە کوردییە سۆفیگەرییەکانی صافی هیرانین.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافی هیرانی لە ڕوانگەی هەردوو جۆرەکانی شێوازی هێڵی گشتی و شێوازی هێلی تایبەتی شیبکاتەوە، خاسییەت و تایبەتمەندییەکانیان بخاتەڕوو.

پلانی ئەم لێکۆڵینەوە: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەك و دوو بەشی سەرەکی پێک دێت، کە هەر بەشێکیش چەند تەوەرەیەک لە خۆی دەگرێت، بەشی یەکەم لە دوو تەوەری سەرەکی پێک دێت لە تەوەری یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی و تیۆری باس لە شێوازناسی و شێوازناسی ئەدەبی و ئاراستەکانی کارکردنی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا کراوە، ئینجا باس لە جۆرەکانی شێوازی هێڵی گشتی و شێوازی هێلی تایبەتی کراوە. تەوەری دووەم تایبەتە بە شێوازی شیعری سۆفیگەریی لە ئاستی هزریدا.

بەشی دووەم کە بواری پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەی لە خۆگرتووە، بەهەمان شێوە لە دوو تەوەری سەرەکی پێک دێت، لە تەوەری یەکەمدا، شێوازی هێڵی گشتی لە ئاستی هزری شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافیدا بەنموونەی شیعرییەوە خراوەتەڕوو، لە تەوەرەی دووەمیشدا شێوازی هێڵی تایبەتی ئاستی هزری شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافیدا بە نموونەی شیعرییەوە خراوەتەڕوو.

لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کورت کراونەتەوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

### 2ـ 1. شێوازناسی

شێوازناسی وەک لایەنی مێژوویی: شێوازناسی دوای بەرجەستەبوونی شێوازی نووسەرێك یان شێوازی سەردەم و نەتەوەیەك لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا، دەکەوێتە خۆی و ئاست و جۆرییەتی و چۆنییەتی شێوازی بەرهەمەکە دەخاتەڕوو. بۆیە هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ شان بەشانی داهێنانی ئەدەبی و دەقی شیعری لە ناو بۆچوونە فەلسەفی و زمانەوانییەکان و هونەری دواندەری و هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕۆڵی خۆی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا گێڕاوە، بۆ نموونە بەشێك لەو باوەڕەدان، کە شێوازناسی لە منداڵدانی ڕەوانبێژییەوە سەریهەڵداوە، ئەمەش بۆ ڕەوانبێژییەی ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، کە باسی لێوە کردووە. (قطوس، 2011، ل134).

ئەرستۆ لە کتێبی هونەری دواندەریدا باسی شێوازی کردووە، شێوازی جوان و شێوازی ناشیرینی لێك جیا کردووتەوە، شێوازی بۆ شێوازی بەردەوام و شێوازی خولی دابەش کردووە. بەر لە ئەرستۆش ئەفلاتوون بە شێوەی ئاماژەدان باسی شێوازی کردووە، کە پێی وایە شێواز سیفەتێکە لە هەندێك دەربڕیندا هەیە و لە هەندێك دەربڕیندا نییە. بەڵام ئەرستۆ هەوڵێکی بەرنامەداری لە بواری شێوازناسی داوە، بە پێچەوانەی ئەفلاتوونەوە، کە پێی وایە ئەگەر لە هەر نووسینێك بڕوانین ئەوا دەبینین، کە شێوازی هەیە، بەڵام بۆی هەیە شێوازەکەیان جیاوازی هەبێت، لە ڕووی بەهێزی و لاوازییەوە. (خلیل، 2018، ل218ـ219).

دواتر ڕۆمانییەکان لەسەر بنەمای چینەکانی کۆمەڵگای ئەوکاتە شێوازییان بۆ سێ جۆر دابەش کردووە، کە خۆی لە شێوازی (بەرز، نزم و مام ناوەند) دەبینێتەوە. ئەم سێ جۆرەش بەرامبەر سێ بەرهەمەکەی ڤێرجیل دانراون، ( شوانکارەیی، کشتوکاڵی و داستانی)، کە لە دۆلابی (ڤێرجیلی جاندۆکراند) ەوە بەشێوەی بازنەیی وێنە کراوە)(بیرجیرو،1994، ل24). سەبارەت بە شێوازناسی نوێ و سەربەخۆبوونی شێوازناسی، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و گەشەسەندنی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە زۆرەی لە بوارەکانی فکر و زمانەوانی و فەلسەفە و ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی هاتەکایەوە، کە دواجار بووە هۆی تێکشکانی چوارچێوە و بیرکردنەوەی کلاسیکی. بەمەش ڕەوانبێژەکان کەلتوری (ئەفلاتوون و ئەرستۆ و هۆڕاس)یان تێپەڕاند و جارێکی تر قسەکردن لەسەر شێواز دەستی پێکردەوە، شێوازی کلاسیکی و شێوازی ڕۆمانتیکی هاتنە پێشەوە، ڕۆمانتیکییەکان گرنگیان دەدا بە جیاکردنەوەی وشەی شیعری و وشەی پەخشانی، هەروەها گرنگیان بە خوازە و دەربڕینی سەرنجڕاکێش دەدا، (شیللی) ڕۆڵی خوازەی زیندوو کردەوە لە تازە کردنەوەی شیعردا، بەمەش شێوازی ئەدەبی و شێوازی زانستی دەرکەوتن و بوون بە بنەمایەك بۆ زمانی زانست و زمانی شیعر (خلیل، ل221ـ222). لە شێوازناسی نوێدا زمان و زمانەوانی و وەسفکردنی ئەم لایەنە بابەتێکی جەوهەرییە. شێوازناسی نوێ زۆر بە قوڵی بە زمانەوانییەوە پەیوەستە و لەو ئاراستەیەوە بۆ لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی دەچێت. بەڵام بە پێچەوانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا شێوازناسی زیاتر بەو ڕەوانبێژییە پەیوەستە، کە زیاتر خزمەت بە دەقی شیعری و دەقی ئەدەبی دەکات، هێندەی بەدوای وەسفکردنی لایەنی هونەری و هزری و جوانکاری دەقەوەیە هێندە بەدوای شیکردنەوەی زمانەوانییەوە نییە.

شێوازناسی ئێستا وەك بوارێکی لێکۆلێنەوەی ئەدەبی خاوەنی سروشتی زانستیانەی خۆیەتی لە بواری لێکۆڵینەوەدا. ڕێبازی کارکردنی تایبەت بە خۆی هەیە پشت بە کۆمەڵێك بنەمای زانستی و بواری جیاجیا دەبەستێت، بۆ ئەوەی شێوازی دەقێکمان بۆ بخاتەڕوو. لە ئێستادا شێوازناسی مەیدانێکی فراوانە و پشت بە هەموو بوارە جیاجیاکانی وەك زمان و زانستی زمان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ئیستاتیکا و خاسیەتەکانی ژانرە ئەدەبییەکان و میتۆدە ڕەخنەییەکان و مێژوو و هونەرەکانی تر دەبەستێت لە شیکردنەوەی شێوازی بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریدا. هەموو ئەوانە وەك ئامرازێك لە لێکۆلینەوەکانی خۆی بەکاردێنێت و سوود لە هەمووو لقەکانی ئەدەبیاتناسی وەردەگرێت. شێوازناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە شێوازی دەق و خستنەڕووی پێکهاتەی شێوازی دەقەکە لە ڕووی

ڕووخسار و زمان و پەیام و مەبەست و لایەنی فکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەقەکە، ئەمانە پێکهێنەری شێوازی بەرهەمەکەن و دەبنە ناسنامە و جیاکەرەوەی بەرهەمە جۆربەجۆرەکان. لەم ڕوانگەوە وەسفی زانستیانەی خۆی پێشکەش بە خوێنەر دەکات و جیاکاری و تایبەتمەندی دەقەکە لەم ڕووەوە دەخاتەڕوو.

واتە شێوازناسی لە چاوەڕوانی فۆڕمی ئەدەبیدا دەبێت، بۆ ئەوەی بە پشت بەستن بە ڕێباز و بنەما و یاسا و بوارەکانی پەیوەست بە کارکردنی خۆیەوە ڕووبەڕووی بەرهەمەکە بێتەوە و وەسفی زانستیانەی خۆی لەسەر شێوازەکە پێشکەش بکات.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە شێوازناسی سەرەتا لە شێوازی دەق و بەرهەمی ئەدەبی قووڵ دەبێتەوە و ئاست و جۆری شێوازەکە دیاری دەکات و تێبینی خۆی لەسەر ئەمە پێشکەش دەکات، دواجار ئەم شیکردنەوە و تێبینیانە وەك بنەما و دەستورێکی تیۆری نوێی بۆ بەرهەم و دەقی داهاتوو ڕۆڵی ڕێباز و ڕێ خۆشکەر دەبینێت و دەشێت بەرهەمی نوێیان لەسەر بینا بکرێت. بەو مانایە شێواز نووسین بەرجەستە دەکات، هەروەك لە پێناسەی ئۆکسفۆردا هاتووە، کە شێواز (شێوەی گوزارشتکردنی جیاوازی نوسەرێکی دیاریکراو یان وتاربێژێك یان وتەبێژێکە، یان شێوەی گوزارشتکردنی کۆمەڵەیەکی ئەدەبی یان سەردەمێکی ئەدەبییە، لە ڕووی ڕوونی و کارایی و ئیستاتیکی و ئەم جۆرە بابەتانەوە)(قطوس، ل132). واتە شاعیران بەهۆی بوونی ئەم شێوە جیاوازەوە بەرهەمەکانیان دەخەنەڕوو، شاعیر بەر لەوەی خاوەنی شیعر و بەرهەمی نووسین بێت، دەبێت پێشتر هەڵگری شێوازێك بێت وەك ڕێگەیەك بۆ گوزارشتکردن، ئەو ڕێگە بەکاردێنێت بۆ گوزارشتکردن لە هزر و بیر و هەست و سۆزی خۆی، ئینجا ئەو شێوازە لە سەردەم و قۆناغ و ئاستی ڕۆشنبیری و سیفەتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی شاعیرەکەوە سەرچاوە دەگرێت.

### 1ـ 1ـ 1. شێوازناسی ئەدەبی و ئاراستەکانی

شێوازناسی وەك زانستێك، کە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بەکاردێت، بنەمای زانستی و میکانیزمی کار و چەمك و ئامرازی تایبەت بە خۆی هەیە، سودیان لێ وەردەگرێت بۆ توێژینەوەی پرۆسەی وەسفکردن و شیکردنەوەی دەقێکی ئەدەبی.

ماددەی بەکارهاتوو بۆ شیکردنەوە لە زانستی شێوازناسیدا، بریتییە لەبەرهەم و ژانرێکی ئەدەبی، بۆ ئەم مەبەستەش شێوازناسی سوود لە کۆمەڵێك زانستی تر و مەرج و پێوەری مەعریفی و ئەدەبی و هونەری وەردەگرێت، ئەو زانست و پێوەرانە وەك ئامرازێك بۆ کاری لێکۆڵینەوەی پراکتیکیانەی خۆی بەکاردەهێنێت، مەودای لێکۆڵینەوە لە بواری شێوازناسیدا زۆر فراوانە، چونکە ئەم زانستە سوود لە زانستەکانی تر و لقەکانی تری ئەدەبیاتناسی وەردەگرێت بۆ لێکۆڵینەوە، بۆ نموونە زانستی ئامار و ئامارناسی و زمانەوانی و ڕەوانبێژی کەرەستەی زۆر بەهێز و گرنگن کە لە بواری شێوازناسیدا بەکاردەهێنرێن و بەهۆیانەوە دەقێك شیدەکرێتەوە، هەروەها سوود لە میتۆدەکانی ڕەخنە و بۆچوونە تیۆرییەکان و ڕەگەز و بنەما و مەرجە هونەرییەکانی هەر ژانرێك وەردەگرێت لە کاتی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا.

لێکۆڵەری بواری شێوازناسی بە پشت بەستن بە زانستێك یان چەند زانستێك یان میتۆد و چەند بنەمایەکی هونەری دەقێکی ئەدەبی وەسف دەکات و شێوازی دەقەکە و تایبەتمەندییەکانی شێوازی نووسەرەکە بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، (بە شێوەیەکی گشتی شێوازناسی لە سێ ئاستی جیادا لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەدەبی دەکات، کە بریتین لە ئاستی زمان و ئاستی ئامانج و پەیامداری و سوودمەندی دەق و ئاستی هونەری و جوانکاری ئەدەبی)(فضل، ١٩٩٨، ل١١٥). ئەم ئاستانەش بەسەر دوو پێکهاتەی دەقدا دابەش دەبن، کە خۆی لە (ڕوخسار و ناوەرۆک)ی دەقدا دەبینێتەوە. واتە کاتێك لێکۆلەرێك لە بەرهەمێکی ئەدەبی دەڕوانێت، دەیەوێت لە بواری شێوازناسیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، بە مەبەستی پراکتیزەکردنی زانست و ئامراز و بنەماکانی پەیوەست بەو زانستە، لە دوو ڕەهەندەوە لە بەرهەمەکە دەڕوانێت ئەویش (ڕوخسار و ناوەرۆك)ی دەقەکەیە، هەر یەکە لەو دوو ڕەهەندە خاسییەت و بنەمای خۆیان هەیە و شێوازی دەقەکە پێك دێنن لە ڕێگەی چەمك و زانست و ئامراز و بنەمای هونەری تایبەت بەخۆیانەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت، بۆ نموونە شێوازناسی لە ئاستی ڕووخساری دەقدا، بە ئاراستەی کارکردن لەسەر پێکهاتەی دەقدا، لێکۆڵینەوە لەم ئاستەدا لەسەر چەند تەوەرەیەکی بنیادی دەقەکە دەوەستێت، وەك زمانەوانی و لایەنی زمان و بنیاتی پێکهاتەی زمانەوانی دەقەکە لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەخاتەڕوو، هەروەها جەخت لە لادانی زمانی بە هەموو جۆرەکانییەوە دەکاتەوە، بابەتی زمانی دەقەکە و ڕەهەندەکانی گرنگترین بواری تێڕامان و لێکۆڵینەوەی شێوازناسین. (ئەم بابەتە بۆتە جێگەی باوەڕ لای توێژەران ئەوە کە شێوازناسی خاوەن پرۆگرامێکی زمانەوانییە، بە جۆرێک کە ئەنجامی بە یەکداچوونی زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبییە. یان بریتییە لە هەوڵێک بۆ مەزراندنی زمانەوانی وەک پرۆگرامێک و ئەنجامەکانیشی لە توێژینەوەی دەقەکان بە نیازی دەرخستن و دۆزینەوەی دیاردەی شێوازییەکانە بە هەموو ئـاڵۆزییەکانەوە)(بودوخە، ٢٠٢١، ل١٩).

کارکردن لە ئاستی پێکهاتەییدا جگە لە لایەنی زمانی زۆر ڕەهەندی تریش دەگریتەوە، کە بە بواری تەکنیکی و شیعرییەتی دەقەوە پەیوەستن. وەکو جۆری فۆڕمی ژانرەکە و هونەرە جۆربەجۆرەکانی ڕەوانبێژی دەست نیشان دەکات. (شیعرییەتی دەقی ئەدەبی هەر تەنیا لەو سنوورە نەوەستا کە پرۆگرامی زمانەوانی لە شێوازناسیدا کاری لەسەر دەکرد، بەڵکو بەرەو ستاتیکا و قوڵایی و شتە شاراوەکان و ناواخنیش تێپەڕی، هەروەک بەوە پێوانە دەکرێت کە چ کاریگەرییەک لە نەستی خوێنەر دروست دەکات)(حسین، ۲۰۰۱، ل۱۰٤). بێگومان ئەگەر دەقەکە شیعر بوو ئەوا بنەما هونەرەکانی دەقی شیعری دەخاتەڕوو، کە خۆی لە جۆری شیعر و قالب و کێش و قافیە و وێنەی شیعری و ڕەمز و لایەنەکانی تر دەبینێتەوە, بەڵام ئەگەر دەقەکە چیرۆکێك یان ڕۆمانێك بێت، ئەوا سەرەڕای زمان و ڕەگەزە پێکهاتووەکانی ئەم بەرهەمە، تەکنیکە هونەرییەکانی بەرهەمەکەش وەسف دەکات.

لە ناوەرۆکی دەقیشدا، شێوازناسی لە ئاستی هزریدا لێکۆڵینەوە لەسەر دەقێک دەکات و چەند تەوەرەێك دەخاتەڕوو وەك تایبەتمەندییە فکری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، کە تێیدا لە ئاستی هزریدا لێکۆڵینەوە لە دید و بینینی تایبەت و جیهانبینی و شێوازی کەسی نووسەر دەکرێت، لەم ڕووەوە دیاردە شێوازییە کەسییەکانی نووسەر و شاعیر دەخرێنەڕوو. شێوازناسی (لە ئاستی هزریدا، لەوە دەکۆڵێتەوە، کە ئایا بەرهەمەکە بەرەو ناخ و زەین دەڕوانێت، یاخود بەرەو دەورووبەر؟ ئایا عەقڵگەرایە یاخود عەشقگەرا؟ چ بیرۆکەیەک دەگەیێنێت، ئایا هەستێکی دیاریکرا و دەردەبڕێت وەک هەستی نیشتیمانی یاخود ئایینی؟ هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر هەڵوێست و جیهانبینی نووسەر دەربارەی ژیان و مردن و شەڕ و ئاشتی دەکات و ڕەشبینی و گەشبینی و فەلسەفەی نووسەر ئەرکی ئەو ئاستەیە)(چالی، ۲۰۰۸، ل٤٥ـ٤٦). کارکردنی شێوازناسی لەم ئاستەدا لەسەر بنەماکانی تیۆری ڕەنگدانەوە و گوزارشتکردنیش دەڕوات و ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و بابەتە سایکۆلۆژییەکان و مەبەستە ئایینی و عیرفانی و سیاسییەکانی شاعیر لە دەقێکی شیعردا دەخاتەڕوو. بەوەی نووسەر یان شاعیر زیاتر مەبەستیەتی چ پەیامێك بگەیێنێت بە خوێنەر؟ ئامانجی چییە؟ دەیەوێت چ ئەرکێك بەم بەرهەمەی ڕاپەڕێنێت؟ وردەکارییە فکری و فەلسەفییەکانی نووسەر و شاعیر لە چ ئاستێکدایە؟ دواتر ئەم تەوەرانە چین دەبنە جیاکاری نووسەر و شاعیرەکە و شێوازی تاکەکەسی بۆ خاوەنەکەی بەرهەم دێنن؟ چونکە ناوەرۆکیش جیاکەرەوە و بنیاتی مەعریفی خۆی هەیە، کە بیرکردنەوە جۆربەجۆرەکانی نووسەر و شاعیری لە خۆ گرتووە، کە ئەمەش شێوازی تاکەکەسی نووسەر و شاعیر دیاری دەکات، بۆیە ئێستا دەرخستنی ئەو پەیام و دیوە مەعریفیە شاراوانەی دەق بوارێکی گرنگە لە شێوازناسیدا.

### 2 ـ 1ـ 2. شێوازی هێڵی گشتی و شێوازی هێلی تایبەتی

ئەگەر بە وردی سەیری هەر بەرهەمێکی ئەدەبی یان هەر دەقێکی ئەدەبی بکەین، دەبینین ئەو بەرهەمە، بەپێی سروشتی ژانرەکەی لە کەرەستەکانی زمان و چەندین پێوەر و بنیاتی گشتی و تایبەتی و لایەنی هونەری پێك دێت، شێوازی دەقە ئەدەبییەکە بەندە بە بوونی جۆرییەتی و چۆنییەتی بەرجەستەکردنی ئەو کەرەستە و پێکهێنەرە هونەرییانە، واتە بوون و دەرکەوتنی ئەو کەرەستە و بنیات و لایەنە هونەرییانە لە بەرهەمێکی ئەدەبی، شێوازی بەرهەمەکەی لێ دروست دەبێت، چۆنییەتی بەکارهێنانی کەرەستەکان و خستنەڕووی بنیاتەکان و گونجاندنی زمان لەگەڵ لایەنە هونەرییەکان و پەیامداری لە ناو بەرهەمێکدا، لەسەر نووسەر و شاعیر بەندە. بۆیە دروستبوونی شێوازی دەقی ئەدەبی خۆی لە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزدا دەبینێتەوە. هەر شاعیرێک خاوەنی دوو خود و کەسایەتییە لە ناخی خۆیدا، شێوازی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی نوێنەرایەتی ئەم دوو کەسایەتییەی شاعیر دەکات، هەموو ئەو ڕەهەندە سەرەکی و لاوەکییانەی لە بەرهەمهێنانی ژانرێکی ئەدەبی بەشدارن، لەم دوو خودەی شاعیرەوە وەردەگیرێن.

کەسایەتی و خودە گشتییەکەی شاعیر، بەپێی تایبەتمەندییەکانی سەردەم و نەتەوەیی هەڵگری پەروەردەییەکی گشتییە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیرییەوە، ئەم پەروەردەیە وەک بنەما و توانای زمانەوانی و بیرکردنەوە و سۆز و خەیاڵ و شارەزایی هاوبەش لای تاکەکان دەرکەوتەی دەبێت. وەک هۆشیاری گشتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەرکەوتەی هەیە.

کەسایەتی و خودە تایبەتییەکەی شاعیر، کە خۆی لە ڕۆشنبیری تایبەتی و دیدی تایبەت و پەروەردەی کەسی و زیرەکی و توانا و لێهاتوویی و چێژ و سەلیقە و بەهرە و هەست و سۆز و خەیاڵە کەسی و تایبەتییەکەی شاعیر دەبینێتەوە.

بۆیە لە ناو هەر ژانر و بەرهەمێکی ئەدەبی دەتوانین تێبینی ئەم دوو جۆرە خودە بکەین، کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دروستبوونی شێوازی گشتی و شێوازی تایبەتی بەرهەمەکە، واتە هەر دەقێکی شیعری شێوازێکی گشتی و شێوازێکی تایبەتی هەیە، کە لەم دوو کەسایەتییە گشتی و تایبەتیە سەرچاوەی گرتووە.

خودە گشتییەکە، کۆمەڵێك ڕەهەندی گشتی وەك: توانای زمان و شارەزایی هونەری و وێنە و خەیاڵ و هەست و سۆزی گشتی نووسەری لەخۆی گرتووە و سیما و حاڵەتێکی گشتی بە بەرهەمەکە دەبەخشێت. خودە تایبەتیەکە، هەڵگری ڕەهەندی تایبەتی نووسەرەکەیە، وەك: توانای زمانەوانی و لێهاتوویی و بەهرە و سەلیقە و خەیاڵ و سۆزی تایبەتی نووسەر و شاعیرەکە، کە سیمای تایبەتی و جیاکەرەوە بە بەرهەمە ئەدەبییەکە دەبەخشن. چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئەم خودانە لەگەڵ ڕەهەندەکانیان و چۆنییەتی بەرجەستەکردنیان لە ناو بەرهەمی ئەدەبی شێوازی تایبەتی یان شێوازی گشتی بەرهەمێکی ئەدەبیمان پێ دەبەخشێت، ئەم شێوازە ئەدەبییەش دەوەستێتە سەر توانا و لێهاتوویی خودەکان بەوەی تا چەند توانیوویانە ڕەچاوی بنەمای گونجان و جوانی و بەهێزی بکەن لە بەکاربردنی ڕەهەندەکانیان.

ئەمەی باسمان کرد لەمر دوو جۆرە خودەدا بۆ شتێکی ترمان دەبات، کە ئەویش بریتییە لە بوونی دوو شێواز لە هەر بەرهەمێکدا، کە بەپێی خودەکە دەتوانین بڵێین بەرهەمەکە شێوازێکی گشتی و شێوازێکی تایبەتی لە خۆی گرتووە.

ئەوەی یەکەمر پەیوەستە بە بنیات و توانای زمان و شارەزایی و ڕەهەندە گشتی و سیما هاوبەش و گشتییەکانی شیعرەکەوە، کە نوێنەرایەتی خودی گشتی نووسەر دەکەن، کە لە هەموو بەرهەمر و دەقێکی شیعریدا بوونی هەیە و ئەو سیمایانە دەبنە جیاکەرەوەی گشتی و خاسیەتە گشتییەکانی بەرهەمر و ژانرەکە. بۆ نموونە هەر لە ڕێگەی ئەمر شێوازە گشتییەوە دەتوانین مەبەست و جۆرەکانی شیعر لە یەکتر جیا بکەینەوە یان ژانرێك لە ژانرێکی تر جیا بکەینەوە، یان شیعری سەردەمێک لە سەردەمێکی تر یان شیعری نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تری پێ جیا دەکریتەوە.

شێوازە تایبەتیەکە پەیوەستە بە ڕەهەندە کەسی و تایبەتییەکانی خودی شاعیرەکەوە، لە ڕووی عەقڵی و دەروونییەوە، کە خۆی لە هەست و سۆز و چەپاندن و گرێیە دەروونییەکان و جیهانبینی تایبەتی و ڕۆشنبیری و مەعریفەی کەسی و زیرەکی و توانای زمان و بەهرە و چێژ و سەلیقەی تایبەتی خودی شاعیرەکە دەبینێتەوە، کە ئەمانە پەیوەستن بە خودە تایبەتیەکەوە، ئەمە دەبێتە ناسنامە و سیمای تایبەتی جیاکەرەوەی شاعیرەکان لە یەکتریەوە، (شێواز بە تەنیا و بێ پەیوەندییە کەسایەتییەکانی شاعیر نابێ، بەڵکو لە ژێر کاریگەری ئەو پەیوەندییانەدایە، گەلێ هۆی کەسی و دەورووبەر و کۆمەڵ و باری ژیان و چینایەتی و ڕادەی ڕۆشنبیری و هیتر دەبنە هۆی جیاوازی و تایبەتی شێوازی شاعیرێک یان نووسەرێک لەگەڵ ئەوانی تردا)(کاکی، 2008، ل29) ئەمر شێوازە تایبەتییە هەمیشە لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا بوونی نییە، یاخود دۆزینەوەی کارێکی ئاسان نییە، زۆرجار نووسەر و شاعیرەکان نەیانتوانیووە لە چوارچێوەی خودە گشتییەکە دەربچن و ڕەهەندە پێکهێنەرەکانی دەقیان تەنیا لەمر خودە خواستووە، ئەمەش تەنیا شێوازێکی گشتی بۆ نووسەرەکە دەستەبەر کردووە. هەروەکو بۆفۆن دەڵێت: (شێواز خودی مرۆڤەکەیە)(المسدی، 1993، ل67). شێوازی هێلی تایبەتی پەیوەستە بە سیفەتە مادی و مەعنەوییەکانی خودی شاعیرەکەوە، چونکە هەرگیز دوو مرۆڤ وەك یەك نین و وەك یەکتریش نابن لە ڕوخسارو ناوەرۆکدا، هەر چەند لێك نزیك بن و لێچوون هەبێت لە نێوانیاندا، ئەوا لە سیفەتێکی مادی یان لە ئاکار و دۆخێکی مەعنەوی لێك دوور دەکەونەوە، واتە هەر مرۆڤێك خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەهەمان شێوە هەر نووسەر و شاعیرێکیش ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییە کەسییەی هەیە، کە دواجار دەرکەوتنی ئەو خاسییەت و تایبەتمەندییە خودییە شێوازی کەسی لێ دەکەوێتەوە.

لە شێوازناسیدا دەقی ئەدەبی ئەو کاتە بەها و گرنگی خۆی بە دەست دێنێت، کە مۆرکی شێوازی تاکەکەسی پێوە دیاربێت، چونکە مەرج نییە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ئەو توانایەی هەبێت، کە شێوازی کەسی بۆ خاوەنەکەی بسەلمێنێت، دەرکەوتنی ئەو جۆرە شێوازەش لە دەقی ئەدەبیدا، بە توانا و لێهاتووی شاعیرەوە پەیوەستن، چونکە هەر شاعیرێك توانای زمانەوانی و مەعریفی و بەهرە و زەوق و سەلیقەی هونەری و ئەدەبی لەگەڵ شاعیر و نووسەرێکی تر جیاوازە، چونکە هەر شاعیرێك لە ڕووی مێژووییەوە ژینگەیەکی پەروەردەکردنی تایبەت بەخۆی هەبووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و ئایینی و مەعریفییەوە، هەروەها پەروەردەی زمانی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە ئەوانە وا دەکەن دوو شاعیر هەرگیز لە یەك ئاستی زانستی و هونەریدا نەبن و وەك یەکیش بیرنەکەنەوە، بوونی ئەمر جیاوازییە وا دەکات هەرگیز بەرهەمی دوو شاعیر وەك یەکتر نەبن و هەر یەکەیان شێوازێك دەخاتەڕوو، کە نوێنەرایەتی بارودۆخی دەروونی و توانا و زەوق و سەلیقە و خاسیەتە کەسییەکانی خودی شاعیر و نووسەرەکە دەکات. بۆیە دەبینین، کە هەر نووسەرێك کۆمەڵێك بابەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە بۆ بەرهەمهێنانی دەق سوودیان لێ وەردەگرێت.

لە شێوازناسیدا شێوازی تاکەکەسی بۆ شاعیر بەهایەکی زانستی هەیە، هۆکارێکە بۆ بەهێزی دەقی شیعر و مانەوەی بەرهەمەکەش بەو جۆرە شێوازە بەستراوەتەوە، دروستبوونی ئەمر جۆرە شێوازەش هەروەك (ئەسپیتزر) دەڵێت: (شێوازی تاکە کەسی بە توانا و ئەزموون و بیرو باوەڕەوە پەیوەستە)(بیرجیرو، ل52). واتە بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتنی شێوازی تاکەکەسی لە بەرهەمی شاعیرێك بۆ کۆمەڵێك هۆکاری ناوەکی و هۆکاری دەرەکی دەگەڕێتەوە، وەك: (ئەزموون و توانای زمانەوانی و ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی و

هونەری نووسەر، بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی، داب و نەریت و پەروەردەی خێزانی و ئایینی نووسەر ،....تاد). ئەم هۆکارانە دانەبڕاو دەبن لە بەرهەمی نووسەر و شاعیر و بەرپرسن لە ڕەنگرێژ کردنی شێوازەکانیان. لەسەر بنەمایەی ئەوەی، کە لەپێشووتر ڕوونمان کردەوە، شێوازناسی دەبێت لەسەر دوو هێڵ کار بکات و بەرهەمی ئەدەبی شیبکاتەوە، کە بریتین لە (هێلی شێوازی گشتی، هێلی شێوازی تایبەتی).

### 1ـ 2. شێوازی شیعری سۆفیگەریی لە ئاستی هزریدا

لە سەرەتادا پێویستە بە جیهانی ئەدەبی سۆفیگەری ئاشنابین، بۆ ئەوەی لە جیاکەرەوە و تایبەتمەندییە هزرییەکانی شێوازی شیعری سۆفیگەری بگەین، چونکە دواجار بابەت و بوارەکانی ناو جیهانی سۆفیگەری ناوەرۆکی دەقی شیعری سۆفیگەری ڕەنگ ڕێژ دەکەن، کاتێک دید و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ناو دەقێکی شیعریدا ڕەنگدەداتەوە، ئەم شیعرە لە ڕووی مەبەست و پەیامدارییەوە بە شیعری سۆفیگەری لە قەڵەم دەدریت.

جیهانی سۆفیگەری بوار و مەیدانێکی پراکتیکییە و کارکردنی بەندەیە لەسەر ناوەوەی خود، کە خۆی لە پەروەردەکردن و پاککردنەوەی دڵ و دەروون دەبینێتەوە و ڕووناک کردنەوەی بە خۆشەویستی خواوە، ئیتر ئەمەش ڕێباز و ڕێگە و میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە، کەخۆی لە بڕینی پلە و مەقامەکان و توانەوە لە عەشقی خوادا دەبینێتەوە. جیهانی سۆفیگەری بنەما و میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە و پێشکەشی سۆفیگەرەکانی دەکات بە مەبەستی بوون بە سالیك و بڕینی ڕێگای مەقامەکان، ئەم ڕێگەیە ئاڵۆزی و سەختی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، هەموو هەوڵێك بۆ ئەوەیە بەندە بگات بە خوا، ئەم گەیشتنەش لەمەقامی وەصڵ خۆی دەبینێتەوە، کە پێویستە پێش ئەو مەقامە و گەیشتن بە یەقین و نقووم بوونی لە نووری خوا بەندە بە تەواوەتی خاوێن ببێتەوە و لە بەرگ و ویستە خراپ و دنیاییەکان دابماڵدرێت، جگە لە خوا لە هەموو شتێك دابڕانی ڕەهای بەسەردابێت. بەم جۆرە سۆفیگەری هەروەکو لە (الرسالة القشيرية)دا هاتووە، (بریتییە لە بەهێزکردن و چاککردن و پاکردنەوەی ڕەهایانەی دەروون، کە جارێکی تر هەرگیز بێ هێز و پیس و خراپ نەبێتەوە، بەجۆرێک دەبیت دەروون لە هەرچی هەوەسە ئاژەڵی و مرۆڤییەکانە خاوێن بکریتەوە و نەفس و ئارەزووەکان بە ئارەزووی جیهانی ڕووحی و مەعنەوی بگۆڕێت و جگە لە چاکە و پەیڕەویکردن لە خوا و پێغەمبەر"د.خ"دەست بەرداری هەموو شتێک بێت)(الرسالە القشيرية، ص١٧ـ١٨). دەروون و چاک کردنی هەست و ئارەزووە دەروونییەکان، ئامانجی جیهانی سۆفیگەرییە، واتە (سۆفیگەری کاری سەرەکی لەسەر ناسین و چاککردنی خاڵیکردنەوە "تخليه"و ڕازاندنەوە "تحليه"ی دەروونی مرۆڤە)(شکار، ٢٠٠٩، ل٧٨).

سۆفیگەرەکان پێیانوایە، کە لە ڕێگەی کارکردن لەسەر دەروونەوە بە پلەی تەواومەندییەتی سۆفیگەری دەگەن، لەبەرئەوە بەلایانەوە (ڕێڕەوی سۆفیگەری هەوڵ و تێکۆشانێکە بۆ گەیشتن بە پلەی خواناسی لە ڕێگەی هەستی دەروونەوە)(نەقشبەندی، ٢٠١٥، ل٦٣). چونکە بیروباوەڕی سۆفیگەری لەسەر ئەمە بێگومانە، کە لەو ڕێگەیەوە بە پلە و مەقامەکانی سۆفیگەری دەگەن.

(سۆفی و عارف بەر لە هەموو شتێک ئەهلی دڵە و لە کەشی چێژ و خەیاڵ و سۆز و ناسک بوونەوەی هەستەکاندایە و خولیای بڵندبوونەوەی ڕوحی هەیە، لێرەوە سروشتییە، هەست بە نزیکایەتی لە شعر بکات و بەدوای زمانێک (شعر)دا بگەرێت، بتوانیت دەربڕی هەستەکانی ناوەوە و نەشئە و حاڵی بێت، بۆیە لە شیعری سۆفیگەریدا زیاتر وشە و زاراوەکانی قورئان و فەرموودە یان " مکاشفه" و "شهود" و وشەکانی لە پەروەردەیی فەرهەنگی مورید و پیری تێدا دەبینرێت)(شکار، ل٨٢). ئیتر ئەم هەوڵ و تێکۆشانە بۆ پەروەردەکردنی دڵ و دەروون و هەستە بەدخووەکانی دەروون و حەزی دنیا نەویستی و هۆگری و پەیوەستبوونی دڵ بە عەشق و نووری خوا وەک ناوەرۆکی دەقی شیعری دەردەکەون، بۆیە لە شیعری سۆفیگەریدا دڵ و دەروون بە کەس دەکرێت و شاعیر وەک کەسێک لەگەڵ دڵ و دەروونی خۆی دەدوێت و ئامۆژگاری دەکات و گلەیی لێدەکات و گوناهباری دەکات و سەرزەنشتی دەکات و دەیترسێنیێت و بە جۆرێک ئامادەی دەکات بۆ جێگربوونی نووری خوا. جگە لەمە بابەتەکانی پەیڕەوی کردن لە خوڕەوشتی پێغەمبەر (د.خ) و پیاوچاکان و شێخانی تەریقەت و فەلسەفە و دنیابینی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان دەبن بە تەوەرەی سەرەکی گوزارشتکردن لە دەقی شیعری سۆفیگەریدا هەر ئەمەشە، کە ئاستی هزری شیعری سۆفیگەری پێک دینێت، بۆیە دەبینین، کە (چەند بابەتێک هەن کە دەشێت ببنە دەستورێک بۆ ناسینەوەی شیعری سۆفیگەری و جیاکردنەوەیان لە شیعرەکانی تر وەک: توانەوەی عاشق لە مەعشوقدا، ئاماژەکردن بۆ هەندێک کەڵە پیاوی سۆفیگەری، ئاماژەکردن بۆ ئایەت و حەدیس، ناوهێنانی مەقام و حالەکان، بوونی زاراوەکانی سۆفیگەری لە شیعرەکاندا)(شوان، ٢٠٠١، ل٣٢٣ـ٣٢٥). بەم شێوەیە شیعری سۆفیگەری لە ناوەرۆکی جۆرەکانی تری دەقی شیعری جیا دەکریتەوە، شیعری شاعیرێکی سۆفیگەر لە لایەک دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئەو پەروەردە عیرفانی و سۆفیگەرییە، کە شاعیر لە سەردەم و بارودۆخێکی دیاری کراوی کۆمەڵایەتیدا وەریگرتووە، لە لایەکی تریشەوە دوای ئەوەی دڵ و هەست و سۆزە

دەروونییەکانی بە بەها و بنەماکانی ئەم جیهانە پەروەردە بوون، ئیتر شیعر دەبێتە گوزارشتکردن لەو هەست و سۆزە دەروونییانەی، کە عەشق و نووری خوای تێدا جێگربووە، ئەمە دەبێتە بنیاتی هزری و مەعریفی پێکهاتەی دەقی شیعری سۆفیگەری.

بە شێویەکی گشتی ناوەرۆک و مەبەستی سۆفیگەری، کە لە دەقی شیعریی شاعیرێکدا ڕەنگدەدەنەوە، چ وەک هەست و سۆز و بواری پراکتیکی، کە خۆی لە عەشق و پەروەردە و بارودۆخە دەروونییەکاندا دەبینێتەوە چ وەک عیرفان و جیهانبینی شاعیرەکە، کە خۆی لە زانیاری عیرفانی و ڕەنگدانەوەی مەقامەکاندا دەبینیتەوە، ئەم هەست و سۆز و جیهانبینیە لە ناو دەقی شیعردا لە دەوری کۆمەڵە باسێک دەسووڕێتەوە و لە چەند تەوەرەیەکدا بەرجەستە دەبێت لەوانە:.

_ قوڵبوونەوە لە خۆشەویستی و بڕینی پلەکانی عەشق و توانەوە لە خۆشەویستی مەعشوقدا.

_ سەرزەنشتکردنی خود و خاکیبوون وەک عاشقێک و بەرزکردنەوەی پلەی مەعشوق.

_ وەسف و ستایش و پێداهەڵدانی مەعشوق و باسکردنی سیفەتە جوانە بەرزەکانی.

_ بە هیچ دانانی جیهانی مادی و بەرز ڕاگرتنی جیهانی ڕوحی بەها مەعنەوییەکان.

_ وازهێنان لە حەزو و ئارەزووە دنیاییەکان و دژایەتی کردنی نەفسی بەدخوو گرنگیدان بە نەفسی لەوامە و موتمەئنە.

_ لاواندنەوە و دەردە دڵ و هانابردن بۆ پێغەمبەر و شێخی تەریقەت و مورشیدی حەق.

_ وێناکردنی خواپەرستی و نیشاندانی پلە و مەقام و حاڵەکانی جیهانی سۆفیگەری.

_ لێکچواندن بە عەشقی حەقیقی عاشقەکانی مێژوو و بەکاربردنی ڕەمز و کەسایەتیە عیرفانییەکان.

_ ڕەنگدانەوەی ڕێگە و ڕێباز و چەمک و زاراوەی سۆفیگەری و عیرفانی.

_ لێبوردەیی و مرۆڤ دۆستی و ژیاندۆستی و نەرم و نیانی بەرامبەر بە هەموو کەسێک.

_ دژایەتیکردنی سیفەتی ڕق لێبونەوە بەهەموو شێوەیەک.

_ ڕزگار کردنی مرۆڤ لە گومڕایی و تورەیی خودا.

بە ئاماژە کردن و بە هێماکردنی وشە و چەمک و زاراوە جیاجیان، بەکارهێنانی وشە و حاڵەتە یاساغەکان و بەخشینی تەفسیر و دەلالەتی عیرفانی، بەجۆرێک زۆر جار لە شعری عرفانی و سۆفیگەریدا دەقێک چەند لێکدانەوەیەک وەردەگرێت.

هەموو ئەو تەور و برگانە لە ناوەرۆکی شیعری سۆفیگەریدا بوونیان هەیە، ئاستی هزری شیعری سۆفیگەریان پێکهێناوە چ وەکو هەست و سۆزی سۆفیگەریانەی شاعیر چ وەکو جیهانبینی عیرفانی شاعیرەکە، ئیتر بە پێی پەروەردە و دیدی تایبەتی شاعیرەکە تەوەرەکان لە ناوەرۆکی دەقی شیعرەکاندا دەبینرێن، هەندێک لە شاعیرەکان خاوەنی جیهانبینی عیرفانی تایبەت بەخۆیان شیعرەکانیشیان نوێنەرایەتی ئەو پەیام و مەبەستە تایبەتیە دەکەن، هەندێک لە شاعیرەکان شێوازی ناوەرۆکی شیعری سۆفیگەرییان هەر تەنیا لەسنووری بەکارهێنانی ڕەمز و چەمک و زاراوە سۆفیگەرییەکاندایە، شیعریی بەشێکی تریشیان گوزراشتە لە حاڵەتی پرکتیکیانەی ژیانی سۆفیگەریانەی تایبەتی خۆیی و هەندێیکی تر گوزراشتە لە خۆشەویستی و هەست و سۆزی سۆفیگەرییانەی خۆیەوە.

### 3ـ شێوازی هێڵی گشتی و شێوازی هێڵی تایبەتی لە ئاستی هزری شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافیدا

### 3ـ 1 شێوازی هێڵی گشتی لە ئاستی هزری شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافیدا

سەبارەت بە کاری شێوازناسی، لەسەر شێوازی گشتی لە بنیاتی هزری شیعری سۆفیگەری صافیدا، خۆی لە دیاریکردنی چەند ڕایەڵێکی هزری گشتی دەبینیتەوە، کە ناوەرۆک و مەبەستی سۆفیگەری صافی هیرانییان لە خۆگرتووە و لە دەوری چەند تەوەرەیەک دەسووڕێتەوە، وەک: (توانەوە لە خۆشەویستی، گفتوگۆ لەگەڵ دڵ و سەرزەنشتکردنی خود، ستایشی مورشیدی حەق، تەرکی دنیا و دژایەتی کردنی نەفس، هانابردن بۆ پێغەمبەر و شێخی تەریقەت، گوزارشتکردن لە مەقام و حاڵەکان، بەکاربردنی چەمک و زاراوە و ڕەمز و کەسایەتیە عیرفانییەکان، لێبوردەیی و دووركەوتنەوە لە ڕق، بە ڕەمزکردن و بەخشینی دەلالەتی نوێ بە وشە و حاڵەتە دنیاییەکان،....هیتر). ئەم ناوەرۆکانە لە هەمان کاتدا وەک باس و تەوەرەی گشتی و تایبەت لە شیعری سۆفیگەری شاعیرەکاندا دەردەکەون، بۆیە دەبینین، کە لە شیکردنەوەی شێوازی گشتی شیعری شاعیرە سۆفیگەرەکان هاوبەشی و لێکچوونێکی زۆر هەیە و هەموویان مەبەست و ناوەرۆکی شیعرەکانیان لەم تەوەرانەی سەرەوە پیک دێت، بەشێک لەم خاسییەتە گشتیانەی لەخۆگرتووە. هەر ئەم خاسییەتانە بەپێی بنەمای ڕێژەییبوون و جۆرییەتی و چۆنییەتی فلتەرکردنیان بە هەست و سۆز و توانا و دید

و پەروەردەی کەسی شاعیرەوە، تایبەتمەندی ورد و سیمایەکی کەسی وەردەگرن، ئەمەش دەبێتە بنیاتە هزرییە تایبەتییەکان و شێوازی کەسی و تایبەتی لێدەکەویتەوە.

لە چوارچێوەی بنیاتە هزرییە گشتییەکانی شیعری صافیدا، ئەو ئاماژە و بنیاتە گشتیانە دەخرێتەڕوو، کە ناوەرۆک و تەوەرەکانی شیعری سۆفیگەری صافییان پێکهێناوە، بێگومان ئەو ناوەرۆک و تەوەرانەش تایبەتمەندی گشتی خۆیان هەیە، کە لە کۆمەڵێک هۆکاری هاوبەشەوە سەرچاوەیان گرتووە، وەک (سەردەمی هاوبەش و ژینگە و نەتەوەی هاوبەش و ڕیبازی سۆفیگەری هاوبەش و سەرچاوەی هاوبەشی عیرفانی،...هیتر)، ئەم هۆکارانە، کە لە میتۆدی ڕەخنەیی مێژوویی ئاماژەی پێکراوە، بە هۆیانەوە ناوەرۆکی شیعرەکانی سۆفیگەری کۆمەڵێک خاسییەت و تایبەتمەندی هاوبەش وەردەگرن، کە دەبنە خاڵی هاوبەش لە نێوان شیعری ئەو شاعیرانەی لە هەمان سەردەم و ژینگە و نەتەوەدا دەژین و سەر بە هەمان سەرچاوەیی ڕێبازی سۆفیگەرین، تایبەتمەندییەکانی شیعری سۆفیگەری ئەو شاعیرانە بەو خاڵە هاوبەشانە دەناسرێنەوە و لەگەڵ ناوەرۆکی شیعری شاعیرێکی تر، کە لە سەردەم و ژینگە و نەتەوە و ڕێبازێکی تری سۆفیگەرییە.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم هۆکارانەوە، لە ناوەرۆکی شیعری سۆفیگەری صافی هیرانی بڕوانین، کە ڕەخنەگری فەرەنسیی (هیبۆلیت تین) وەک چەند بنەمایەکی ڕەخنەیی ئاماژەی پێکرد، کە خۆی لە سێ هۆکاری سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە (ڕەگەز، ژینگە و سەردەم)، بەپێی بۆچوونی تین، دەقی ئەدەبی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم هۆکارانەوە، خاسییەت و مەبەست و بنیاتە هزری و مەعریفییەکانی هەر دەقێکی ئەدەبی بۆ ئەم هۆکارنە دەگەڕێنەوە، لە میتۆدی ڕەخنەی مێژوویدا ئەم هۆکارانە وەك یاسایەك بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی دەردەکەون، مەبەستیش لەم سێ هۆکارەی، کە تین ئاماژەی پێ کردووە ئەوەیە، (ڕەگەز، ئەو سیمایانەیە کە نووسەر لە نەتەوەکەی بەمیرات بۆی ماوەتەوە، ژینگەش ئەو شوێنەیە، کە نووسەر ژیانی تێدا بەسەر بردووە، هەروەها سەردەمیش هەموو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کاتی ژیانی نووسەر لەخۆی دەگرێت)(رحمانی، 2004، ص120ـ121).

ناوەرۆکی سۆفیگەری شیعری صافی بەهەموو جۆرەکانییەوە لە ڕوانگەی ئەم میتۆدەوە، ڕەنگدانەوە و گوزارشتن لەو سیما و ڕەگەزە خێزانی و کۆمەڵایەتییانەی، کە شاعیر لە ژینگەی خێزانی و کۆمەڵگاکەی بۆی ماوەتەوە، صافی وەکو شاعیرێک زۆر لە ژێر کاریگەری ئەم هۆکارانەدا بووە، چونکە سروشتی ژیان و پەروەردەکردنی تەواو ملکەچی ئەم هۆکارانەبووە، ئەگەر سەیری ژینگەی بوون و چۆنییەتی ژیانی صافی بکەین ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە صافی لە خێزانیکی ئاینی و سۆفیگەر لە دایک دەبیت و بیر و هەست و سۆز و نازناوە سۆفیگەرییەکەی لە باوانەوە بۆ دەمێنێتەوە، خانەوادەی صافی سۆفیگەرییان لە بابەگەورەیان (شێخ سولەیمانی هیرانی)یەوە بۆ ماوەتەوە، کە پێشتر میر بووە و زۆر بەناو بانگ بووە بە ناوی (میر سوورە)، فەرمانڕەوایی ناوچەکەی کردووە، تەریقەتی لەسەر دەستی (شێخ تەهای بەتلیسی) وەرگرتووە، لە تەریقەتیشدا (میر سولەیمان) تەریقەتی قادریی گرتووتەبەر، کە نیسبەت بووە بۆ (شێخ عبدالقادری گەیلانی)، ئەو ڕیگایە شێخ سولەیمان هێنایە ناو بنەماڵەکەی پشت بە پشت کوڕ لە باوکی وەرگرتووە، لە ناو خەڵکدا بڵاوەیان کردووتەوە، وشەی (کاک)یش بووە بە نازناوی کوڕ و نەوەکانی پۆست نشین لەو بنەماڵەیە.(دیوانی صافی٢، ٢٠٠٤، ل١٧). ئیتر ئەم ڕەگەزە وەک سیمایەک لە باوانەوە بۆی ماوەتەوە، سەبارەت بە چۆنییەتی و ژینگەی ژیانی شاعیریش، کاک مستەفا (صافی) لە ساڵی (١٨٧٣)، لە گوندی هیران لە دایکبووە، ئەم ئاواییە (٢٢)کم بەلای کۆیەوە لە شەقڵاوە دوورە، خوێندنی بەرایی لای باوکی بووە، لە دواییدا بەشێکی خویندنی لە حوجرەی مزگەوتەکانی کۆیە و هەولێر و ڕواندز و گوندی سەران بردۆتە سەر، ئینجا لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بەشێکی خوێندنی مەلایەتی دیکەی تەواو کردووە، کە تەمەنی دەورووبەری سی ساڵی بووە، کاک عەبدوڵڵای (سانی)، باوکی کۆچی دوایی کردووە، ناچاربووە دەست لە خوێندن هەڵبگرێ و ببێ بە جێنشینی باوکی و بە کاک مستەفای هیرانی ناوبانگ دەربکا. ئیتر لە پاش ئەمە کاری دیاری دەکرێ و دەبی بە شێخی تەریقەتی قادری و وەک مورشیدێک تەکیەی قادری هیران بەڕێوە دەبا، لەو ماوەیەدا وەک شاعیرێک نازناوی (صافی) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.(خەزنەدار، ٢٠١٠، ل٣٣٧ـ٣٣٨). هەروەها سەردەم و قۆناغیش لە پاڵ ڕەگەزەکانی تردا، وەک ڕەگەزێکی کاریگەر بوونی خۆی لەسەر شاعیر سەلماندووە، ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی کەسی و کۆمەڵایەتی شاعیر و ژیانی ڕۆشنبیری و ئاینی شاعیر و ژیانی حوجرە و تەکیە و گفتوگۆی ئایینی و ئەدەبی و عیرفانی و لەو قۆناغ و سەردەمەدا دەبنە هەوێنی ئیلهام بەخشی شاعیر و ئاستی هزری سۆفیگەری شاعیر گەشە پێدەدەن، شاعیر لەم سەردەمەیدا، کە پڕیەتی لە بەسەرهات و ڕوداو و گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکان، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەرێنی و نەرێنییەوە لەڕووی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و دەروونییەوە، هەموو ئەم بارودۆخە جیاوازانەی سەردەم و ژینگەی شاعیر، لە ڕێگەی شیعرەوە دەخرێنەڕوو، بۆیە لەم دۆخەدا دەقی شیعری نوێنەرایەتی هەمان ئەو ڕووداو و بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەی ژینگەی ژیانی شاعیرەکە دەکات، هەر ئەمەشە کە وادەکات ئەم میتۆدە ڕەخنەگرەکانی خۆی ناچار بکات، بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەدەبیدا، لە جەمسەری شاعیر هەڵوەستە بکەن و بە دوای وێستگە و

ژینگەی ژیانیاندا بگەڕێن، (بۆ لێکوڵینەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن لە بەرهەمێکی ئەدەبی، بەدەست هێنانی زانیاری لەسەر مێژووی سیاسی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەمر بەرهەمە ئەدەبییە گرنگی خۆی هەیە، زۆرجار ناتوانین تێگەیشتنی تەواو لەسەر دەقێکی ئەدەبی بەدەست بێنین، ئەگەر پێشتر لێکۆڵینەوە لە هۆکار و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی پشت دەقە ئەدەبییەکەوە نەکەین)(قصاب، 2007، ص23). بەم شێوەیە ئەو ڕەگەزانە وەک هۆکارێک کاریگەرییان بەسەر مەبەست و ناوەرۆکی شیعری صافی هیرانییەوە هەبووە و بنیاتی هزری و مەعریفی شیعرەکانی صافییان پێکهێنانەوە لە ئاستی شێوازی گشتیدا.

شێوازی گشتی بنیاتی هزری شیعری سۆفیگەری صافی هیرانی لەو قۆناغ و سەردەمەدا، لەسەر هەمان هێڵی گشتی مەبەست و باسی سۆفیگەری بووە، لەم هێڵەدا هاوبەشییەکی تەواو هەیە لەگەڵ شاعیرانی شیعر نووسی هەمان مەبەست و هەمان قۆناغدا، بۆ نموونە بابەتی خۆشەویستی و بڕینی پلەکانی عەشق و توانەوە لە خۆشەویستی مەعشوقدا. خۆشەویستی یار کە یەکێکە لە مەبەست و ناوەرۆکە سۆفیگەرییەکانی شیعری صافی هیرانیدا، خۆشەویستی یار، کە ئەو یارەی شاعیری سۆفیگەر لە دنیای مادی و مەجازییەوە دەست پێدەکات بۆ یاری حەقیقی و یاری مەعنەوی، شاعیر لەناو کۆمەڵێک بابەتی هێما و مێتافۆڕەوە باسی یارەکەی دەکات و یار لە شیعری سۆفیگەریدا هەندێک جار خوایە، هەندێکجار دەبێتە پێغەمبەر(د.خ) هەندێکجاریش دەبێتە شێخ و ڕابەر و مورشیدی تەریقەت. مەبەستی شاعیریش لەمەدا ئەوەیە، کە دەیەوێت پلە بە پلە بە پەیژەی عەشقدا سەرکەوێت لە ڕێگەی ئەم خۆشەویستییانەوە بە یاری موتڵەق بگات، کە خوای گەورەیە، بۆیە دەبینین، کە لە شیعرەکانی صافیدا خۆشەویستی خوا وەک یاری موتڵەق دەردەکەوێت و ئەم خۆشەویستییە ئیلاهییەش لەو شیعرە سۆفیگەرییانەدا دەردەکەوێت، کاتێک شاعیر لە شیعرەکەیدا باس لە گەورەیی و توانا و هێز و سیفاتە باڵاکانی خوای گەورە دەکات و باس لە نوور و سۆز و بەزەیی و بێ هاوتایی دەکات، بۆ نموونە هەروەکو لەم شیعرەدا دەردەکەوێت، کە صافی دەڵێت:

جانا بەسە بێ مەیلی دەمێ ڕوویی وەفا بێ
تا چەند دڵی زار، بە ئازار و جەفا بێ
نائیبی خەیاڵی تووە غەمر بۆیە لە دڵدا
غارەت گەرە بۆ عەقلی منی خانە خەرابێ
هەرچی لە تەڕەف تۆوە بەسەرما بێ بەقوربان
پێم خۆشە، بڵا بێ لە دڵا گەرچی بەڵا بێ
خاڵی لە حیمایەت نییە بۆ عاشقی مەهجوور
خۆی دێتەوە هەرچەند بە خەطا بێ، بە خیطابێ
شەئنی تووە بۆ جیلوەیی مەعنی هەموو عالەم
لاهووتی و ناسووتییە گەرچی لە حیسابێ
(اثبات)ی وجوودی تووە ئەڕواحی فەریقەین
تەصدیقی (الست)، چ (نعم) بێ چ (بلی)بێ
خاڵی نییە ئەصلا لە تەجەللایی جەمالت
هەرچی لە (ثری) تا بە (سما) جیلوە نومابێ
جوزئێکی صیفاتە دوو جیهان (أول) و (اخر)
سیرڕێکە لە ذاتا چ خەفا بێ چ جەلا بێ
سافی بە ئومێدی تووە گەرچی لە حیسابت
ڕووی مەعزیرەتی زەردە بفەرموو لە چ لا بێ (صافی، دیوان٢، ل٢٣٨)

ئەم شیعرە کۆمەڵێک بابەت و سیفەتی خوای گەورەی لە خۆ گرتووە، کە جێگەی باس و تێڕامانی زانا و عاریفەکان بووە، وەکو بابەتی وەڵامی عەبدەکان لە پرسیاری ئەزەلی خوای گەورە، کاتێک بە ڕوحی بەندەکانی دەڵێت: (الست بربکم)، صافی ئەوە دەخاتەڕوو، کە وەڵامی بەندەکان هەرچییەک بێت هیچ لە گەورەیی و خەلقییەتی خوای گەورە ناگۆڕن، هەروەها بابەتی ( ئیسپاتی وجودی خوای گەورە و بابەتی تەجەلا و خەلق)، لەم شیعرەدا صافی باس لە خۆشەویستی و بەزەیی و گەورەیی خوای گەورە دەکات، کە وەک عارفێکی عاشق پەنای بۆ بردووە، چونکە ئەم شیعرە باس لە کۆمەڵێک سیفەت و توانا و تایبەتمەندی

وەحدانییەتی خوای گەورە دەکات، خۆی وەکو عاشقێک بەوە ئامۆژگاری دەکات، کە هەر کارێک لە لای خواوە بێت کە یار و مەعشوقی ڕەهایە هەتاوەکو ئەگەر ناخۆش و دەرد و بەڵاش بێت، ئەوا چونکە لە یاری کاربەجێی و دەست ڕۆیشتووەوەیە، پێویستە بە دڵ ڕازی بیت و پێشوازی لێبکەی و لەبەر ئەوەی چێشتنی جەفا و ناخۆشی لە دووری یاردا دەبێتە بارسوکی لە ڕۆژی حیسابدا، ئیتر دوای ئەوەی صافی باس لەو هێز و دەستەڵاتەی خوای گەورە دەکات، بە مەقامی ئومێد کۆتایی بە شیعرەکە دەهێنێت، مەقامی ئومێد (رجا) خۆی لە هیوابوون بە سۆز و بەزەیی خوا دەبینێتەوە. بۆیە مەقامی رەجا دوای مەقامی ترس دێت و حیکمەتی خوا لەوەدایە، کە ترس و رەجای خستووەتە دڵی سالیکەوە تا بە تێکەڵبوونی هەردووکیان دڵی عارف هاوسەنگ بێت. واتە مەقامی ڕەجا ڕووناکی هیوا و گەشبینی دەخاتە دڵی سالیکەوە ڕێگە بەوە نادات، کە بە شێوەیەکی نەرێنی ترس زاڵبێت و بەندە دوچاری بێ هیواوی ڕەشبینی بکات و دەست بەرداری هەوڵ و کۆششەکانی بێت، چونکە بەپێی ئایەتەکانی قورئان و و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) سۆز و بەزەیی و میهرەبانی خوای گەورە هەموو شتێکی داپۆشیوە.

توانەوە لە خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ)، تامەزرۆی دیداری پێغەمبەر گوزارشتکردن لە خۆشەویستی پێغەمبەر، یەکێکە لەو واجبانەی، کە جیهانی سۆفیگەری ئیسلامی داگیر کردووە، بۆیە لە بنیاتی هزری شیعری سۆفیگەریدا، وەسف و ستایشی ڕەوشت و سیفەتەکانی پێغەمبەر (د.خ) ئامادەییەکی تەواوی هەیە، چونکە پێغەمبەر (د.خ)، خۆی دەفەرموویێت: (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين)(البخاري، 2012، ص14). لەم فەرموودەیە پێغەمبەر (د.خ) ئاماژە بەوە دەکات، کە هیچ کەس لە ئێوە باوەڕی تەواو نییە تاوەکو منی لە کوڕ و باوک و هەموو کەس خۆشترنەوێت. ئیتر لەم ڕونگەیەوە و لە جیهانبینی سۆفیگەرییەوە خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) ئامانجێکی باڵایە، چونکە لە دیدی عاریفەوە پێغەمبەر (د.خ) ئەو یارەیە تەواوەمەندەیە، کە خوا دنیای لە پێناو ئەودا دروستکردووە بۆیە خۆشەویستی پێغەمبەر تاکە رێگەیە بۆ ئەوەی عاریف لەو پلیکانەیەوە بە خواوەند بگات, لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافی هیرانیدا، ئەم خۆشەویستییە و گوزارشتکردنە، بە چەندین دەقی شیعریدا بە ئاشکرا دەبینین، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم شیعرەی صافی بکەین، کە دەڵێت:

**قەددی شەنگ و شۆخ ئەگەر بێ سەروی بوستانی توە**

**باغی سێو و خۆخ ئەگەر بێ نەوگوڵستانی توە**

**زینەتی غیلمان و حووری حوسنی تۆیە دڵبەرم**

**(جنة المأوى)ئەگەر بێ طاقی ئەیوانی توە**

**وا کەمەولا وەسفی تۆی کرد وا بە (لولا) ڕووحەکەم**

**عالەم و ئادەم چ یارای ئەناخوانی توە**

**ئاسمان حەسرەت لە بۆ ئەرضی دەکێشێ دائیما**

**چونکی بورجی ڕۆژ و مەهـ، چاکی گریبانی توە**

**سیرِی(سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى)نیشانەی شاهیت**

**طرەیی خەتمی ڕیساڵەت مۆری فەرمانی توە**

**ڕازی (لي وقت مع الله) خاسی تۆیە ئەی حەبیب**

**عاصیان بۆیە ئومێدی حەشر و میزانی توە**

**خاکی ژێری نەعلەکانت کوحلی (ما زاغ البصر)**

**تووتیای (چەشم) بەصیرەت گەردی دامانی توە**

**خەلقی ئەرواحی هەموو عالەم نەتیجەی حبی تۆن**

**ئەی هەموو ئەرواحی عالەم بی بە قوربانی توە (صافی، دیوان٢، ل٣٣٢ـ٣٣٦)**

لەم شیعرەدا صافی خۆشەویستی و تامەزرۆیی خۆی بۆ دیدەنی پێغەمبەر(د.خ) دەردەبڕێت، باس لە بەرزی و گەورەی و ڕێزی پێغەمەبەر (د.خ)، بە جۆرێک دێڕە شیعرەکان دەقئاوێزان بەو فەرموودە و ئایەتانەی، کە باس لە ڕێز و ڕەوشتی پێغەمبەر دەکات، بەجۆرێک دەستەوەستانی خۆی و هەموو خەڵک لەم بارەیەوە ڕادەگەینێت، چونکە خوا بەجوانترین شێوە وەسفی کردووە، بەجۆرێک ڕێزی لێنا، کە بۆ لای خۆی دەعوەتی کرد و تا مەقامی (سدرة المنتهى) بەرزی کردەوە، هەروەکو لەسوڕەتی ئیسرادا ئاماژەی پێکراوە، بۆیە لەسەرووی هەموو ئادەمیزادێکەوە، بۆیە صافی لەم شیعرەدا ئاماژە بەو دیمەنە دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو

کە ئاسمان ئیرەیی بەزەوی دەبات، چونکە شوێنی ژیانی پێغەمبەرە، خاکی ژێر پێی پێغەمبەر کل و دەرمان و شیفای چاوەکانە، بەجۆرێک دروستکردنی ڕوحی هەموو عالەم لە پێناو خۆشەویستی تۆ بووە، هەر بۆیە هەموو خەڵک لە ڕۆژی قیامەتدا بە ئومێدی شەفاعەتی تۆن، بەجۆرێک صافیش وەک بەندەیەکی گوناهبار و بێ سەرمایە چاوەڕوانی ئەو شەفاعەتەیە.

وێنەیەکی تری خۆشەویستی لە شیعری سۆفیگەری صافیدا، بریتییە لە خۆشەویستی ڕابەری تەریقەت و مورشیدی حەق، کە (شێخ عبدالقادری گەیلان)یە، صافی بە ئوستاد و شێخ و ڕابەری خۆی لە قەڵەمی دەدات و لە چەندین شیعری جیاجیادا عەشق و سوتانی خۆی بۆ دەردەبڕێت: هەوەکو دەلێت:

**عەزیزێکم هەیە ئیسم و بە جیسما (یوسف)ی ثانی**

**هەزاری وەک زولەیخا حەپسی نێو چاهی زەنەخدانی**

**لە سەد فەرسەنگەوە بۆ چاوی نابینا ضیا بەخشە**

**هەزارانی وەکوو یەعقووب لە بۆنی عەطری زولفانی**

**لە نێو خاکی عەجەم تاکوو عەڕەب، سەرحەددی ڕۆم و کورد**

**شەهی وا نابێ ئەسڵا، صاحیبی موهری سلێمانی**

**بە ئینصاف گەر تەماشاکەن سەراپا عەیبی لێ نایێ**

**جەمالی یاری من بۆ ئەهلی دڵ گەنجێکە پەنهانی**

**لە بۆ فەرمانی یارم هەرچی گەردن کەچ نەبێ یاران**

**لە ژێر پێی جەهلەوە سەر دادەنێ وەک شێخی صەنعانی**

**مەطافی سالیکان و ڕەهنوما وو کەعبەیی عوششاق**

**(در باز خدا)، کانی وەفا، سوڵتانی گەیلانی**

**ئەگەر سوڵتانی دونیا بێ گەدای دەرگانەکەی تۆیە**

**بە نازی خۆت نیازی پێ کەرەم کەی (صافی) هیرانی (صافي، دیوان2، ل244ـ246)**

صافی وەک ڕابەرێکی تەریقەتی قادری، ملکەچی و خۆشەویستی خۆی بۆ شێخی عبدالقادری گەیلانی دەربڕیوە، چونکە لە ڕێبازی تەریقەتی قادری و لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری سەر بەم ڕێبازە بە یەکێک لە سوڵتان و قوتبەکانی جیهانی سۆفیگەری لە قەڵەمدراوە، (صافی لەگەڵ خزانە نێو بازاڕی سۆفیگەری و پەیوەندبوونی بە تەریقەتی قادری، بە سۆز و سوتانێکی دەروونی، خۆی کردووە بە شاگردێکی ڕەندی ئەو تەریقەتە. نەپچڕانی زنجیرەی پەیوەندی نێوان ئوستاد و شاگردانی ئەو تەریقەتەش، شەونخوونی و خۆئامادەکردنی بێوچانی تەواوی دەوێ، هەمیشە مرۆڤی تەریقەتدار دەبێ جوڵانەوە و بیرکردنەوەی بەخواپەرستی و کردەوەی چاک مشتومار بکا، خۆ بەکەم زانین و خۆ دوورخستنەوە لە کاری نەنگ پێناسەی پیاوانی کاروانی تەریقەتە، بۆیە (صافی) هانا دەباتە بەر توربەتی ئەو قوطبە ڕوحییە کە ( شێخ عبدالقادری گەیلانی )یە لە دەرگانەی ئەو بە ویقار و ڕێزەوە دەوەستێ، چونکە بە یاری ڕاستەقینەی دەژمێرێ بۆ ڕێنیشاندان تا دەگاتە پلەی شادبوون بە جەمالی پاکی پێغەمبەر (د.خ) و ڕەزامەندی خوای گەورە کە دەلیل و خولقێنەرە)(دیوانی صافی٢، ل٨٣). بۆیە بەشێویەکی گشتی لە بنیاتی هزری کۆی شیعری ئەو شاعیرانەی سەر بەم ڕێبازەی جیهانی سۆفیگەرین، گەورەیی و خۆشەویستی شێخ عبدالقادری گەیلانی ئامادەیی تەواوی هەیە، صافی هیرانیش لە چەندین شیعردا، ملکەچی و خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕیوە و دەیکاتە ڕابەر و ڕێنیشاندەری ڕێگەی عەشقی خۆی و بە قوتب و مورشیدی

**حەقی خۆی دەزانێت، هەروەکو دەڵێت:**

**ئەی شاهیدی بەغدایی، تۆ مەلجەئومەئوایی**

**هەر دەم دڵی ڕیسوایی، موحتاج بە دوعایێکە**

**ئوستادی و پیری تۆ، هەم شاهو ئەمیری تۆ**

**موددێکە فەقیری تۆ حاجەت بە سەخایێکە**

**مەنواڕە وەفایی من، بنواڕە جەفایی من**

**عالەم لە صەدایی من، هەر دەم لە جەزایێکە (صافی، دیوان٢، ل٢٦٣ـ 264)**

شێخ عبدالقادری گەیلانی وەکو پیری تەریقەت و وەکو ئەو یار و هۆکارەی، کە صافی ئومێدی پێیەتی بە ئامانجی کۆتایی و یاری موتڵەق بگەیەنێت، بوون و خۆشەویستییەکەی لای صافی بە چەندین شێوە لە بنیاتی هزری و ناوەرۆکی شیعرەکانی صافیدا ئامادەیی هەیە، بۆ نموونە صافی سکاڵای خۆی لە دەست نەفسی بەدخو و خودی خۆیی و بەلاڕێداچونی بۆ لای پیری گەیلانی دەبات، بەو ئومێدەی خۆشەویستی پیرەکەی ببێتە هەوینی ڕزگاربوون و دەرچوون لە بەدخویی و خراپەکاری دنیا و سەرفرازبوونی لە ڕۆژی دواییدا.

ـ تەوەرەیەکی تر لە شێوازی گشتی بنیاتی هزری شیعری دنیای سۆفیگەری بەگشتی، بریتییە لە بابەتی هانابردن بۆ یار و خۆ وێناکردن لە فۆڕمێکی زەلیل وخەتاباردا لە ئاستیاندا، ئینجا دەشێت ئەو یارە پێغەمبەر(د.خ) بێت، دەشێت شێخی تەریقەت بێت و دەشێت هەردووکیان بێت.

ئەم باس و خواسە پێکهێنێکی تری شیعری سۆفیگەری صافی هیرانییە، کە ئەمەش وەک سیفەتێک لە جیهانی سۆفیگەری دەردەکەوێت، کە سۆفی یان عاریف لە ئاست یارەکەی خۆیدا خۆی زەلیل و گوناهبار و خەتابار دەکات، لە مەقامی زەلیلییەوە دەست دەکات بە هانا بردن، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بە یاری موتڵەق بگات و پلە بە پلە لە ڕێگەی خۆشەویستی شێخی تەریقەت، مورشیدی حەق دواتر بەسەرکەوێت بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ) ئینجا لەوێشەوە بە عەشقی خوای گەورە بگات، بۆیە دەبینین، صافی (عەشق وەک ڕێگەیەکی دوور و درێژی نێوان دوو خاڵ تەماشا دەکات، کەسی بکەر لەم پرۆسەیەدا دەبێت لەخاڵی یەکەمەوە بگاتە خاڵی دووەم خاڵی ئامانجی باڵای ئەوە، بۆیە بەبێ گەیشتن بە ئامانج کۆی پرۆسەی ژیانی بێ مانا دەبێت، چونکە مانا بەخشین بە ژیان یەکسانە بە گەیشتن بە خاڵی دووەم کە خاڵی گەیشتنە بە حەقیقەت، واتە گەشتکردن بەو ڕێگەیە ناچارییە، ڕێبوار ناچارە گەشت بەو ڕێگەیەدا بکات و بەرگەی سەختی و دژواری ڕێگەکە بگرێت بۆئەوەی مانا بە ژیانی ببەخشێت، بۆئەوەی ئەم ڕێگەیەش ببڕێت تەنیا خواست بەس نییە، بەڵکو پێویستی بە زانست و ڕێنیشاندەر هەیە)(نادر، ٢٠٢٢، ل٧٣). بۆیە لە شیعرەکانی صافیدا ئەم وێنەیە دەبینین، کە صافی هیرانی پەنا بۆ شێخ عبدالقاردی گەیلانی و پێغەمبەر دەبات(د.خ) بۆ ئەوەی لە دەست نەفسی پیس و باری گوناهو تاوان ڕزگاری بکەن. هەوەکو لەم چەند دێڕە شیعرانەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

**صافی بێ سەرمایەیی تەقوا لە کونجی موفلیسی**

**چاوەنۆڕی گەنجی لوطف و نەقدی ئیحسانی تۆە** **(صافی، دیوان٢، ل٣٣٢ـ٣٣٦)**

**ئومێدی زۆر هەیە (صافی) نەجاتی بێ لە غەم چونکی**

**دەلیل مەولاوو ئەحمەد یاوەر و یار بازی گەیلانە** **(صافی، دیوان٢، ل203)**

**من لەدەست دنیایی دون و عالەمی وا بەدعەمەل**

**ڕوویی شکوا وو تەوازوع بۆ شەهی بەغدا دەکەم** **(صافی، دیوان٢، ل174)**

لەم چەند دێڕە شیعرانەدا، ئەو باس و مەبەستە هزرییەی صافی دەبینین، کە بریتییە لە هانابردن و پەنا بردن بۆ پیری تەریقەت، هەڵچنینی ئومێدی شاعیرە لەسەر شێخ و ڕابەری تەریقەتەکەی، کە دیارە ئەمەش خۆی لە مەقامی ئومێددا دەبینێتەوە، کە ئەم مەقامی (ڕەجا)یەش، سێ جۆرە ئومێد لە خۆ دەگرێت، یەکەم ئومێد بەخوا بوون، کە ڕەزامەندی و موقەڕەب بوون و شەفاعەتکردن بە پێغەمبەر(د.خ) و پیر و شێخەکەی دەبەخشێت، ئومێدی دووەم بەخۆشەویستی و عەشقەکەیەتی، کە بەرامبەر بە پێغەمبەر و ئوستادەکەی هەیەتی، کە بەهۆی ئەم عیشقەوە دەبێتە جێگەی ڕەزامەندی ئوستادەکەی، لە سۆفیگەریدا ڕەزامەندی ئوستادیش ڕەزامەندی پێغەمبەری لێدەکەوێتەوە، ڕەزامەندی پێغەمبەریش ڕەزامەندی خوای لێدەکەوێتەوە، ئەمەش بریتییە لە ئومێدی سێیەم، کە بەهۆی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەوانە ڕەزامەندی خواش وەردەگرێت. ئەمەش بەشێکە لە ئادابی جیهانی سۆفیگەری، کە عارف و سۆفی دەیەوێت پلە بە پلە بۆ لای ئامانجی کۆتایی سەرکەوێت، نایەوێت زنجیرە و ئادابی ڕیزبەندی بەزێنێت.

هەر لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا، باس و خواسێکی تری شیعری سۆفیگەری بریتییە لە خۆبەکەمدانان لە ئاست مەعشوقدا، ئینجا ئەم مەعشوقە پێغەمبەر (د.خ) یان پیر و ئوستاد بێت، کە ئەمەش لە بنیاتی ناوەرۆکی شیعری صافیدا بوونی هەیە، شاعیر لە ئاست گەورەیی یاردا، بە شێویەکی زەلیل و گوناهبار و خەتابار و شەرمەزار خۆی وێنە دەکات و لەبەرامبەر ئەم خۆبەکەمزانینەدا، شاعیر

یارەکەی بە بەرزترین و جوانترین شێوە وێنا دەکات و بە شاهو سوڵتان و قوتبی زەمانە وەسف دەکات، هەروەکو لەم چەند دێڕەدا دەبینین، کە دەڵێت:

**گەدایی تۆم گەلێ بۆ خۆشترە لەو مەسنەدی شاهی**

**ئەمەندەم کافییە قوربان کە عەبدی ژێر دەرگاهم**

**لە سیلەی ڕەحمە گەر قاصید بە توحفێکی سەلامت بێ**

**لە ژێر پێی قاصیدت جانا بە سەر خاکی قەدەمگاهم**

**ئەگەر جارێکی تر فەرمووی سەگی دەرگای منە (صافی)**

**هەتا مەحشەر بەسە بۆ من مەقامی عیززەت و جاهم (صافی، دیوان٢، ل183)**

لەم شیعرەدا دەبینین، صافی دیمەنی خۆبەکەمزانین لە ئاست مەعشوقەکەی، کە پیری تەریقەتەکەیەتی بە چەند شێوەیەک دەخاتەڕوو، لە دێری یەکەمدا گەدایی بوونی بۆ یار بە پادشابوونی پێخۆشترە و ئەوە دەخاتەروو، کە تەنیا عەبدی بەردەرگای تۆبم لە دنیادا هیچم ناوێت، لە دیری دووەمدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە تەنیا ئەگەر قاسیدێک سەلامی تۆم پێ بگەینێت من خۆم دەخەمە ژێر پێیەکانی، واتە من ژێر پێی قاسیدی تۆشم قبوڵە، لە دێری سێیەمدا دەگاتە لوتکەی مەقامی زەلیل بوون، کە بوون بە سەگی بەردەرگای ئوستادەکەیەتی، کە ئەم ئەرک و سیفەتە بە گەورەترین شانازیی دادەنێت، چونکە ئەمەیە کە بە مەقامی عیزەت و پلەبەرزی تەواوی دەگەینێت.

باسی مەقام و حاڵەت و بەکارهێنانی چەمک و زاراوە و کەسایەتییە سۆفیگەری و عیرفانییەکان، خاسییەتێکی تری شیعری سۆفیگەرییە، لە بنیاتی شێوازی گشتی شیعری سۆفیگەریدا، دەقئاوێزان و تیلنیشان و میتافۆڕەکان لە چوارچێوەی ئەم بابەت و ناوەرۆکانە دەسوڕێنەوە، لەم جۆرە شیعرانەدا ناوەرۆک و ئاستی هزری دەقی شیعری دەخرێتە خزمەتی باسکردن و ناوهێنانی مەقام و حاڵەکان و ئاماژەکردن بە ڕەمز و کەسایەتییە عیرفانییەکان. ئەم بارودۆخەش لە ئاستی هزری شیعری صافیدا بوونێکی دیار و ئاشکرای هەیە، چونکە شاعیر شارەزایی لە ڕێباز و پلەکانی سۆفیگەریدا هەبووە، هەم بە شێوەیەکی تیۆری وەکو زانایەکی ئایینی، هەم وەك کەسێکی موتەصەوف لە بواری سۆفیگەری پراکتیکی، لە ناو ئەو بارودۆخەدا ژیاوە، ئەگەر لە ناو شیعرەکانی صافیدا وردبینەوە هەست بە بوونی گوزارشتکردن لەم ژینگە سۆفیگەرییە دەکەین، کە شاعیر بە هۆی بەکارهێنانی مەقام و حاڵەکانی سۆفیگەری و چەمک و زارەوە و کەسایەتییە عیرفانییەکان دروستی کردووە، هەروەکو لەو نموونە شیعرانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا هاتووە تێبینی دەکەین، کە شاعیر کۆمەڵێک مەقام و حاڵی بەکارهێناوە، وەک: (مەقامی تەوبە، مەقامی ترس و ئومێد، مەقامی محاسەبە، مەقامی وەحدانییەت، مەقامی تجرید، مەقامی عبودییەت، مەقامی زوهد،...هیتر)، هەروەها حاڵەکانی وەکو (خۆشەویستی، ئولفەت، هۆشیاری ومەستی و سۆز و هۆگری و یەقین،...هیتر)، لەگەڵ دەیان چەمک و زاراوەی سەر بە جیهانی سۆفیگەری و عیرفانی و ناوی ئەو کەسانەی، کە لەم بوارەدا بوون بە قوتب و ڕەمز و ڕابەر و مورشید هاوکات لەگەڵ ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی بە ژیانی سۆفیگەرییەوە پەیوەستە.

بەشێوەیەکی گشتی و لە ئاستی هزری شێوازی گشتیدا، یەکێکی تر لە بنیاتە هزرییەکانی شیعری سۆفیگەری، بریتییە لە بێ بەهاکردنی دنیا و نرخاندنی جیهانی مادی و چێژەکانی بە بێ نرخی، (کاکی هیرانی لە پارێزگاری خودا و پەرستنی خوا بەدەر هەموو شتێکی بەهیچ دەزانی و سامانی هەموو دنیا لەلای ئەو پوشێکی نەدەهێنا و کەم و زۆر حەزی لە ناوبانگ نەدەکرد.(دیوانی صافی١، ١٩٧٣، ل٧). کە ئەمەش لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا دەرکەوتەی هەیە، هەروەکو لەم چەند دێرانەی خوارەوە دەبینین، کە دەڵێت:

**سەر لەسەر سەودایی تۆ و دڵ لە پایی پێیەکەت**

**بۆ چمە جانا سەر و دڵ، هەر دوویان ڕیسوا دەکەم**

**موڵکی میسرم بۆ چییە، گەر ماهی کەنعانم هەبێ؟**

**چم لە بازاڕی زولەیخا، یوسفی سەودا دەکەم (صافی، دیوان٢، ل173)**

---

**ئەو عالەمە نەی ڕەنگە، دەیبینی کە چەند دەنگە**

**سەرپاکی جودا ڕەنگە، لەو باووک و دایێکە**

**هەرکەس کە لە هەر جێیە، هەر یێکە بە نەوعێیە**

**هەر سەر لە هەوایێک و هەر سینە صەدایێکە**

**ویش قودرەتی عوظمایە، بۆ (معرفة الله)یە**

**ناسینی لە ئەو دایە، زانینی صەفایێکە**

**ئەوجا وەرە گەر یاری، واز بێنە لە عەییاری**

**تەرکی کە ڕیاکاری، دونیا کە هەبایێکە**

**هەر حیللەو و ئەفسوونە جێی عالەمی مادوونە**

**تۆ مەیگرە ئەم دوونە، تێکچوونی بە بایێکە**

**دونیا کە وەها خۆشە، جێ عالەمی بێهۆشە**

**ژەهرێکە تۆ مەینۆشە، دەورانی فەنایێکە**

**من چەندە کە نادانم، یا عاقڵ و چازانم**

**غەیری ئەمە نازانم، بە خودا کە خودا یێکە (صافی، دیوان٢، ل259)**

لەم دێڕە شیعرانەدا، ئەو گوتارەی شاعیر دەبینین، کە خۆی لە تەرکی دنیا و جیهانی مادی و دژایەتی کردنی نەفس دەبینێتەوە، صافی هیرانی وەک ڕابەرێکی ناو کایەی سۆفیگەری کار و سەودای لەگەڵ جیهانی مەعنەوییە، کاتیبوونی دنیا و چێژەکانی ڕاستییەکی ڕەهان لە دڵی شاعیردا، بۆیە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو بەدوای جوانییەکی ڕەهاوەیە، کە لەسەرووی هەموو جوانی و خۆشی و باشی و شادیی و سەروەت و سامانی دنیاوەیە، هەروەها ئەوە دەردەخات، کە ئەم دنیایە هەرچۆنێک و هەر جۆرێک بێت و هەر کەسێک بێت، ئەوا هەموو لە دایک و باوکێکە، قودرەت و توانای خوای گەورە لەسەرووی هەمووی شتێکەوەیە، بۆ ناسینی خوا و خۆشەویستی خوا لە هەموو دنیا و هەموو ئەو چێژ و خۆشییانەی، کە تێدایە بە نرخترە، چونکە دنیا و چێژ و خۆشییەکان و مەعشوقە دنیاییەکان وەک بایێکە دێت و دەڕوات، لە پێناو شتێکی بێ نرخ ناشێت و نابێت خوا لە خۆمان بکەین.

یەکێکی تر لە بنیاتە هزرییەکانی شیعری سۆفیگەری، خۆی لە دڵدواندن و دەردەدڵ و سەرزەنشتکردنی خود و دەروونندا دەبینێتەوە بەشێوەیەکی گشتی بە کەسکردنی ئەندامەکانی مرۆڤ بە تایبەتی دڵ و گفتوگۆکردن لەگەڵیدا. لە ناوەرۆکی شیعری سۆفیگەریدا بوونی هەیە، چونکە لە ڕاستیدا جیهانی سۆفیگەری جیهانی دڵە و هەموو کارێک لە پیناو ئەوە دەکات کە دڵی عاریف لە خراپە و حاڵەت و دیاردە ناپەسەندەکان پاک بکاتەوە، لە دنیای سۆفیگەریدا دڵ مەرجەع و مەڵبەندی بابەتە جەوهەرییەکانی مرۆڤە، هەموو بابەتە ویژدانی و ئایینی و دەروونییەکانی وەك (باوەڕ، ترس، یادی خوا، خۆشەویستی، ئارامی، پاکی، ئیخلاص، چاکە، شوکر و نوور....تاد)(گولەن،٢٠١٣، ل٨٤)، بە دڵەوە پەیوەست دەکرین و کەسێك بیەوێ ببێتە سالیك و لە ڕێگەی سۆفیگەریدا بڕوات، ئەوا دەبێت کار لەسەر پاکردنەوەی دڵی بکات و لە بابەتە سەلبییەکان و ناپەسەندەکانی وەك (بەخیلی، ڕیا، درۆ، کیبر، بێ بەزەیی، غرور، گومان، ڕق و حەزی دنیای و ......تاد) دڵی بە دوور بگریت و ئەمە مەرجێکە بۆ سۆفی تاوەکو بتوانێ دڵی حاڵ و مەقامەکان ببڕێت، بۆیە گفتوگۆی عاریف لەگەڵ دڵ و سەرزەنشتکردنی دڵ و ترساندن و هۆشیارکردنەوە دڵ دەبێتە بەشێک لە بابەتی باسکراوی ناو ئەدەبیاتی سۆفیگەری. ئەم بابەتەش لەلای صافی هیرانیش بەدی دەکرێت، شاعیر لە چەند شیعرێکدا، لەگەڵ دڵی خۆی دەکەویتە گفتوگۆ و گلەیی لێکردن و سەرزەنشتکردنی، هەروەکو لەم شیعرەدا دەبینین، کە دەڵێت:

**دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا**

**گوێی لە دەنگی ساز و عوود و بەزمی نای و نەی دەکا**

**سەردەمێ مەست و خومار و خادیمی مەیخانەیە**

**وەختێ تەسبیحی لە دەستە، صۆفییە حەی حەی دەکا**

**ڕۆژی وایە زۆر بە کەیف و پێکەنین و خەندەیە**

**بەعزێ شەو مەجنوونە دائیم گریە بۆ لەیلەی دەکا**

**بەعضە جاران (عالم و عامل و عابد) خۆیەتی**

**وەقتی جەهل و فیسقی زۆرە، عالەمێ لۆمەی دەکا**

**پێی دەڵێم: ئەی دڵ وەرە ئێرانی یا تووڕانی بە**

**ئەو لە بەینی هەر دوو جێگا ڕوو لە دەشتی ڕەی دەکا**

**دڵ نزانم شێتە یا سەرخۆشە، یا دێوانەیە؟**

**یا ئیلاهی ئیشی وا عەکسی بە من تا کەی دەکا؟**

**دوور لە یارە دڵ، لە بۆیێ بێ ئەباتە (صافیا)**

**تاکو لەو سەگ مەرگەدا بێ ئیختیاری وەی دەکا (صافی، دیوان٢، ل155ـ157)**

لە ئەدەبی سۆفیگەریدا، دڵ سەنتەری باوەڕ و بڕیاردان و شوێنی جێگربوونی خۆشەویستی یارە، بۆیە (ئەگەر لە بازاری تەصەوف, وە لە ویژەی تەصەوفدا ئەو وشەیە لابەرین، هیچی نامێنێتەوە، هەوڵی ڕێبواری ڕێگەی تەصەوف ئەوەیە کە دڵ بە هۆی زیکری خواوە لە هەموو خەوشێك پاك بکاتەوە، وای لێبکات کە جگە لە نووری خوا هیچی تری تێدا نەمێنێت، وای لێبکات ئەو دڵە خۆی ببێتە زیکر بەهۆی زیکری خەفییەوە)(نەقشبەندی، ل٣٤٦ـ٣٤٦). لەم شیعرەدا صافی هیرانی بەیانی حاڵی دڵی خۆی دەکات، کە هێشتا بە تەواوی لە مەیل و یاری دنیا و جیهانی مادی بەتاڵ نەبووە، سکاڵای خۆی لەدەست دڵ و مەیل و دەردی دڵی دەخاتەڕوو، باس لە حاڵی دڵی دەکات بەهۆی دووری لە یارەوە، کە هەندێک جار شادمانە و هەندێک کات غەمناکە و هەندێک جار وەک زانا و عابد وایە هەندێک کاتیش وەکو نەزان و گوناهبارێک وایە، بۆیە شاعیر نازانێت چی بکات بە دەست دڵییەوە، لە چەندین شیعری تریشدا ڕوو لە دڵی خۆی دەکات و ئامۆژگاری دەکات و بەپێچەوانەشەوە دڵی صافی ئامۆژگاری شاعیر دەکات، بەوەی کە هۆشیار بێت دنیا و چێژەکانی ناوی نەیخەڵەتینن و لە ڕێگەی عەشق و خۆشەویستی خوا لانەدات، چونکە هەر ئەو ئامانجە سەرەکییەکەیە لە ژیانی هەموو بوونەوەرێکدا.

بەم شێوەیە ئەو باس و تەوەرانەی سەرەوە و کۆمەڵێک بابەتی تری سۆفیگەری و عیرفانی لە شێوازی گشتی بنیاتی هزری شیعری سۆفیگەری صافیدا بەرچاو دەکەون، وەک: (لێبوردەیی و دوورکەوتنەوە لە ڕق، پەروەردەکردنی ڕوح، حەزی مەرگ، ستایشی مورشیدی حەق، بە گومان و ڕەمزکردنی شتەکان، بەخشینی دەلالەتی نوێ بە وشە و حاڵەتە دنیاییەکان،....هیتر). ناوەرۆکی شیعری سۆفیگەری بە پێی سەردەم و ژینگەی کۆمەڵایەتی و جۆری ڕێبازی سۆفیگەرییەکە چەندین باس و خواس و ڕەهەندی پەیوەست بە جیهانی سۆفیگەری لەخۆی دەگرێت، ئەم باس و خواس و ڕەهەندانەش، کە پەیوەستن بە ئاستی هزری شیعری سۆفیگەرییەوە، لە شیعری هەموو ئەو شاعیرانەی لەم بوارو مەیدانەدا کارییان کردووە و بوونیان هەیە و بوونەکانیش لە ئاستی شێوازی گشتیدا لیکچوون و هاوبەشییەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، چونکە ئەوانە ئەو هێڵە گشتییەن، کە تەنیا جۆری ناوەرۆک و مەبەستی شیعری سۆفیگەری لە مەبەستێکی تری شیعری جیا دەکاتەوە، هەروەها خاسییەتی شیعری سۆفیگەری لە ژینگە و سەردەمێکی دیاریکراودا جیادەکاتەوە لە هەمان جۆرە شیعری ژینگە و سەردەمێکی تردا.

### 3ـ 2. شێوازی هێڵی تایبەتی لە ئاستی هزری شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافیدا

هێلی شێوازی تایبەتی دەقی شیعری، دیاردە شێوازییە کەسییەکانمان پێ دەبەخشێت، بۆیە کارکردنی هێڵی شێوازی تایبەتی لەم جۆرە شێوازەدا، بە جەوهەری کاری شێوازناسی دادەنرێت. پڕیەتی لە تایبەتمەندی شاعیر کە لایەنەکانی وەك: (کۆد و نهێنی خودی، دیدی تایبەت، ئەزموون، چێژی کەسی، توانا و لیهاتوویی، قووڵبوونەوە و هێزی خەیاڵی خودی، توانای زمانەوانی، ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی، لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی، زۆر لایەنی تری خودی شاعیر)ی لە خۆگرتووە، ئەم تایبەتمەندییانەی شاعیر ئاشکرا نین و بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە، شێوازناسی پێویستە لەسەر هێلی تایبەتی کار لە ڕەهەندە پێکهێنەرەکانی دەق بکات، تاوەکو بتوانێت نهێنی و کۆدەکانی شێوازی تایبەت ئاشکرا بکات. چونکە بەهۆی ئاشکرا کردنی ئەم نهێنی و کۆدە خودییانە، ناسنامەی شێوازی شاعیر و نووسەرێکمان بۆ دەردەکەوێت و بە هۆیەوە لە هەموو نووسەر و شاعیرێکی تر جیای دەکەینەوە، واتە لە ڕێگەی شێوازی تایبەتی و کارکردنی شێوازناسی لەسەر ئەم هێلە دەتوانین بەو نهێنییانەی نووسەر و شاعیر بگەین، کە بوون بە بنیاتی شێوازی تایبەتی بەرهەمەکە وەك: (ئاستی ڕۆشنبیری و زانیارییەکانی نووسەر و شاعیر توانای زمانەوانی و هونەری و شارەزایی لە خاسییەتی ژانرەکان، داهێنانە کەسییەکانی نووسەر و شاعیر، گرێ و کەبتە دەروونییەکانی، حەز و ئارەزووەکانی، داب و نەریت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی، ڕووداوە ئایینی و سیاسییەکانی،...تاد). هەر دەقێکی شیعری لەسەر هێڵی شێوازی تایبەتی ئەم ڕەهەندانەی سەرەوە شیبکەینەوە دەتوانین شێوازی تاکەکەسی شاعیرەکە بدۆزینەوە،

ئەم شیکردنەوەیە مۆرکی تایبەتی شاعیرەکەمان پێدەبەخشێت، کە لە هیچ شاعیرێکدا بوونی نییە، یاخود ئەو دیاردە شێوازییەی، کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە شیعری شاعیرێکدا بەرجەستە کراوە، کە لە شاعیری تردا بەم ڕیژەیە بوونیان نییە، یانیش جیاکارییەکانی دیدی تایبەتی شاعیرمان نیشاندەدات و یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی دیاردە شێوازییە تایبەتییەکانی شاعیرێك بدۆزینەوە، ئەم دیاردە شێوازیيانەش ئەوکاتە دەبن بە دیاردەی شێوازی تایبەت، کە تەنیا پەیوەست بن بە شاعیرێک و لای شاعیرانی تر بەدی نەکرێن، چونکە بوونی ئەم دیاردانە و دووبارە بوونەوەیان لەلای شاعیرانی تر دیاردەکە، دەکەنە دیاردەی شێوازی گشتی.

شێوازی تایبەتی لە بنیاتی هزری شیعری سۆفیگەری صافیدا، لەو دیاردەشێوازییە تایبەتی و مۆرکە کەسیانە پێک دێن، کە وەک جیاکەرەوەیەک تایبەتن بە دید و شیوازی گوزارشتکردنی صافی هیرانییەوە، ئەم شێوازە تایبەتییەش بە چەند شێوەیەک دەرکەوتەی هەیە، کە بۆ چەند هۆکارێکی کەسی دەگەڕێتەوە، کە تایبەتن بە خودی کەسایەتی شاعیرەکەوە، بەمەش لە شێوازی گشتی جیا دەکرێتەوە، کە پشت بە کۆمەڵێک هۆکاری (دەروونی، عەقڵی، زیرەکی و شارەزایی کەس، ئەزموونی کەسی و خێزانی) دەبەستێت، ئەگەر لە روانگەی هۆکار و بنەمای (ڕەگەزی)ی "هیبۆلین تین" لە صافی هیرانی بڕوانین، ئەوا دەبینین، کە صافی هیرانی کۆمەڵێک خاسییەت و تایبەتمەندی ژیانی سۆفیگەری لە خێزانییەوە بۆ ماوەتەوە، چونکە خۆی لە ژینگەیەکی خێزانی واپەروەردە بووە، بۆیە درێژەی بەم پەروەردە خێزانییە تایبەتییە داوە و سوودی لە وشەو زاراوەکانی تەسەووف وەرگرتووە و چەمك و وێنە تەسەوفییەکانی بۆ مەبەستێکی تایبەتی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناون. صافی لە ڕێگەی پەروەردەی خێزانی و باوک و باپیرانییەوە، تام و چێژی سۆفیگەری وەرگرتووە و لە ڕێگەی شوێن پێ هەڵگرتنی ئەوانەوە بە پلە و پایەی پیرانی خودا گەیشتووە. (ژیانی صافی دەکرێت بە دوو بەشەوە سەردەمی کەباوکی لە ژیاندابووە، وەک کوڕە شێخێک ژیانێکی زۆر خۆشی بەرسەر بردووە، لە باوەش سروشتێکی زۆر جوان بە گەشت و گوزار و سەیران، بەشی دووەمی ژیانی صافی دوای باوکی بووە، کە وەک شێخێک دەستی کرد بە ئیرشاد کردن و خواپەرستی و چوونە خەڵووەت، صافی لەو سەردەمەدا گوێی بەسامان و پلە و پایە نەدەدا، گرێی ئەوینێکی تر لە دڵیدا كڵپەی سەندبوو ئەویش ئەوینی خودایی بوو)(حەسەن، ١٩٩٣، ل١٦ـ١٧). صافی کە باوکی کۆچی دوایی کرد، ناچاربوو لە شوێنی باوکی دابنیشێت، تەواوی خێر و خۆشی و چێژی دنیا بە ڕێ و شوێنی دەروێشانە و ژیانی خوا پەرستی گۆڕییەوە، ئەم هەنگاوەشی بە عەشق و خۆشەویستی ڕابەری تەریقەت (شێخ تەهای بەتلیسی) دەست پێکرد، دواتر بۆ خۆشەویستی (شێخ عبدالقادری گەیلانی) شۆڕبوویەوە، ساڵانە چەند جارێک دەچووە زیارەتی مەزارگەکەی.(دیوانی صافی١، ل٦ـ٧). کە ئەمەش لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە دەڵێت:

**ئەی شاهی لە هیرانی، (مأذون)ی لە گەیلانی م**

**(حقا)کە سلەیمانی، دەردم تۆ دەوایێکە**

**ئەی جەددی وەفادارم، نەسلی تووە موختارم**

**بنواڕنە ئازارم، تەدبیر و چ ڕایێکە**

**ئەی (صافی)یی هیرانی، ئەولادی عەلی و ثانی**

**چارەت لە پەڕێشانی، دەرگانەیی شایێکە** **(صافی دیوان2، ل264ـ265)**

**ئەگەر صافی مەرامت هاتنەوەی یارە بڵێ دائیم**

**مەدەد یا موصطەفای شامی، دەخیل یا شاهی بەغدایی** **(صافی، دیوان، ل258)**

لەم نموونە شیعرانەدا، ئەو وێنەیە تایبەت و شێوازە تایبەتی بنیاتی هزری صافی هیرانی دەبینین، کە شاعیر ئاماژە بە باوک و باپیرانی خۆی دەکات، لێرەدا شاهی هیرانی مەبەست لە (شێخ سولەیمانی هیرانییە)، کە یەکەم ڕاهێنەر و داهێنەری ڕێچکەی تەریقەتی قادرییە لە نیو بنەماڵەکەیدا لە هیراندا و باپیرەگەورەی صافییە، هەر لە هیرانیش نێژراوە. (عەلی و ثانی)یش عەلی باپیری صافییە و (ثانی)یش لەقەبی کاک عەبدوڵای باوکی صافییە.(دیوانی صافی٢، ل٢٦٤). لێرەدا صافی بەم ئاماژە کردنە بە باوک و باپیرانی، کە کەسایەتی و ڕابەری سۆفیگەرین لە تەریقەتی قادری، شێوازێکی تایبەتی بە ناوەرۆکی شیعرەکانی بەخشیوە، ئەو سیما و خەسڵەتە خێزانییە تایبەتییەی بەرجەستەکردووە، کە (هیبۆلین تین) وەک هۆکارێک ئاماژەی پێکردووە، شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی هانا بردن و پەنا بردن بۆ باوک و باپیرانی کە شێخی تەریقەت بوون، دەیەوێت بە خۆشەویستی و ڕەزامەندی قوتب و کەڵە پیاوانی ئەم تەریقەتە بگات، وەکو (شێخ موستەفای شامی و شێخ عبدالقتادری گەیلانی) و لەوێشەوە بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ) بەرزبێتەوە، تا بە ئامانجی کۆتایی دەگات، کە خۆشەویستی ڕەهایانەی خوای گەورەیە. لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کە صافی هیرانی لەم شیعرانەدا و لە چەندین شوێنی تریشدا ئاماژە بە باوک و باپیران و درەختی بنەماڵەکەی دەکات ناویان دەهێنێت، بەمەش

شیعرەکە ئەم مۆرکە سۆفیگەرییە خیزانییەی بنەماڵەی صافی وەردەگرێت و ئەمەش دەبێت بە تایبەتمەندی دیاریدەیەکی شێوازی تایبەت لە ناو شیعرەکانی صافی هیرانیدا.

هۆکاری دەروونیش هۆکارێکی بە هێزی دروستبوونی شێوازی تایبەتیە، صافی هیرانی هەر لە منداڵییەوە لە ژینگەیەکی سۆفیگەری پراکتیکی و لە تەکییەی باوکی چاوی بە دنیا هەڵێناوە و سۆز و دیمەن و حاڵەت و بارودخە سۆفیگەرییەکان لە هەست و نەستیدا جێگیر بوون و نائاگایی شاعیریان داگیر کردووە، لە ڕووی دەروونییەوە هەڵچوون و سۆزەکانی شاعیریان گەشە پێکردووە، کە ئەمەش دواجار دەبێتە خواستی دیاردە دەروونییەکان ڕەنگرێژی مەبەست و ناوەرۆکی دەقی شیعری صافییان کردووە، شیعری گوزارشتکردن لە عەشق و خۆشەویستی و غەمی یار و دووری، زۆرترین ڕووبەری شیعری صافی داگیر کردووە، گوزارشتکردنیش لەم عەشقەدا پەیوەستە بە لێهاتووی کەسی صافی و ئەزموونی دەروونی شاعیرەوە، یاریش لە شیعری صافیدا یاری عاریفانە، ئینجا هەندێک جار شێخ و مورشیدی تەریقەتە و هەندێک جار پێغەمبەرە و هەندێکجاریش خوای گەورەیە، بۆیە یار لەلای صافی کاریگەری بەسەر شێوازی تایبەتی و ناوەرۆک و مەبەستی شیعرییەوە هەبووە و بنیاتی هزری شیعری شاعیری ئاراستەکردووە، ئەمەش بووە بە شێوازێکی تایبەت بۆ ناوەرۆکی شیعری صافی و شێوازی تایبەتی بە شیعری صافی بەخشیووە، چونکە صافی بە دیدگا و بە ڕێژەی جیاواز و تایبەت بەخۆی گۆزارشتە دەروونییەکانی دەربڕیوە، هەروەک لەم دێڕانەی خوارەوە دەبینین، کە صافی دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **(صافیا) هیران وەکوو نیرانە، جیرانی جەحیم** | |
| **سا کە وا بێت و (توکل) دائیما بە خودا دەکەم** | **(صافی، دیوان، ل١٧٤)** |
| **خوێنم بڕژێ صورەتی ناوی تۆ دەکێشێ** | |
| **تا نەیکوژێ نازانی، کە (صافی) بە وەفایە** | **(صافی، دیوان، ل٢٢٣)** |
| **هەوایی لەیلەکەی بێمەیلەیە دڵ والەیە (صافی)** | |
| **سیاخانەی دەروونە شۆڕشی مەجنوونی سەحرایی** | **(صافی، دیوان، ل٢٥٥)** |
| **ئەگەر بڵێن (صافی) لە عیشقی لەیلەکەی کوێی جێگەیە** | |
| **تۆ بڵێ مەجنوونە صیفەت رووی والە چۆڵ و هەردەوە** | **(صافی، دیوان، ل٢٢٠)** |

بەم جۆرە هەموو ئەو باس و خواس و تەوەرانەی، کە پێشتر لە شێوازی هێڵی گشتی و ناوەرۆکی گشتی شیعری سۆفیگەری صافی خستمانەڕوو، دەشێت ببن بە شێوازی تایبەتی شاعیریش بە پشت بەستن بە بنەمای (ڕێژەیی و چۆنییەتی)، شیوازناسی لە هێلی تایبەتیدا لەڕووی ریژەیی و چۆنییەتی گوزارشتکردنەوە شیکردنەوەی بۆ دەکات و مۆرک و دیاردە تایبەتیە کەسییەکانی شاعیر دەخاتەڕوو، بۆ نموونە لە ڕووی ڕیژەییەوە بە پشت بەستن بە زانستی ئامار ڕیژەی باسکردنی مەقام و حاڵەکان و ڕیژەی بەکاربردنی و چەمک و زاراوە و ڕیژەی بەکاربردنی ناوی ڕابەر و کەسایەتیە سۆفیگەری و عیرفانییەکان هەژمار دەکات، ژمارەی دێڕ و شیعرە سۆفیگەرییەکان بەرامبەر بە جۆرەکانی تری شیعر، بەم جۆرە لەم ڕوانگەیەوە بەپێی ئەو ڕیژەیەی، کە لەم هەژمار کردنانە بۆ دەردەچێت جیاوازی ڕیژەی باس و خواسی سۆفیگەری و شیعری سۆفیگەری شاعیرێک لەگەڵ شاعیرێکی تر دەردەکەوێت و ئەم جیاوازییە دەبیتە دیاردەی شێوازی و مۆرکی کەسی.

سەبارەت بە بنەمای (چۆنییەتی)، کە خۆی لە شێواز و چۆنییەتی گوزارشتکردنی هەموو ئەو باس و تەوەرانەدا دەبینێتەوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردوە، وەک: (توانەوە لە خۆشەویستی، گفتوگۆ لەگەڵ دڵ و سەرزەنشتکردنی خود، ستایشی مورشیدی حەق، تەرکی دنیا و دژایەتی کردنی نەفس، هانابردن بۆ پێغەمبەر و شێخی تەریقەت، گوزارشتکردن لە مەقام و حاڵەکان، بەکاربردنی چەمک و زاراوە و ڕەمز و کەسایەتیە عیرفانییەکان، لێبوردەیی و دوورکەوتنەوە لە ڕق، بە ڕەمزکردن و بەخشینی دەلالەتی نوێ بە وشە و حاڵەتە دنیاییەکان،....هیتر). ئەم باس و ناوەرۆکانە جگە لەوەی بە هۆی خاسییەتی گشتی و هاوبەش لە شێوازی گشتیدا خراونەتەڕوو، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک دیاردەی شێوازی کەسیش دەردەکەون، ئەگەر لە ڕووی چۆنیەتی و گوزارشتکردنی تایبەتی شاعیرەکەوە شیکردنەوەی بۆ بکەین، چونکە هەر شاعیرێک خاوەنی لێهاتوویی تایبەت بەخۆیەتی لەڕووی عەقڵی و دەروونییەوە، کە هەموو ڕەهەندەکانی وەک: (توانایی زمانی و لێهاتوویی هزری و خەیاڵی و سۆزداری و وردبینی، ئەزموون، ڕەهەندی تری کەسی) دەگرێتەوە، هەر ئەم توانا و تایبەتمەندییە کەسییانە بابەتە گشتی و هاوبەشەکان بە کەسی دەکەن، چونکە دواجار گوزارشتکردنی ئەو بابەتە گشتییانە بەهۆی توانا و لێهاتوویە تایبەتییەکەی شاعیرەوە، لەم ڕێگەیەوە چۆنییەتی باسکردنی بابەتێک لە لایەن دوو

شاعیر بە جیاوازی دەردەکەوێت، چونکە هەر یەکەیان لە ڕوانگەی توانا و لێهاتوویيە کەسییەکانی خۆیانەوە گوزارشت لە بابەتکە دەکەن، بابەتەکان بە توانای زمانی و خەیاڵ و هەست و سۆز و دنیابینی شاعیرەوە فلتەر دەکریت، بەمەش سیما و دیاردەی شێوازی کەسی وەردەگرن.

بێگومان بنەمای (چۆنیەتی و ڕێژەیی)ش، لە دەقی شیعرەکانی صافیدا دەکەونە ژێر کاریگەری هۆکارە کەسییەکانی شاعیر وەکو توانا و لێهاتوویی شاعیر  و حەز و ئارەزووەکانی شاعیر و ئیمان و تەقوای شاعیرو زۆر تایبەتمەندی تری کەسییەتی شاعیر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر شێواز و چۆنییەتی باسکردنی بابەتێکەوە هەبووە لە لای شاعیر یان کاریگەری بەسەر زۆر باسکردنەوە هەبووە بە ڕێژەیەکی زۆر، بۆ نموونە ناوچەی هیران وەک شوێنێکی دڵڕفێنی پڕ لە دیمەنی سروشتی و جوگرافیایەکی پڕ لە گوڵ و سەوزایی و ئاوی سازگار بێگومان ئەو ژینگە سروشتییە کاریگەری بەسەر وێنەی شیعری شاعیرەوە هەیە، بۆیە دەبینین، کە بۆ وێنەی شیعری و خواستن و لێکچواندنەکان دیمەن و کەرەستەکان لە سروشتەوە دەخوازێت، هەروەها حەز و خولیای کەسی شاعیر بۆ بابەتەکانی وەک مەقام و ئاواز و دەنگی خۆش دیسانەوە کاریگەری لەسەر دروستبوونی شێوازی تایبەتی شاعیرەوە هەیە. بۆیە شیعرەکانی صافی لەم مەیدانەدا پێگەیەکی دیاریيان هەیە و خاوەنی ئاواز و تایبەتمەندی جیاوازن لە ڕووی هونەرییەوە.

هەموو ئەو تایبەتمەندییە خێزانی و پەروەردە کەسی و ئەزموون و توانا و لێهاتوویی و حەزو و ئارەزووە کەسیانەی کە خراونەتەڕوو، کەسایەتی عەقڵی و دەروونی صافی هیرانیان بەرجەستە کردووە، لە ناوەڕۆک و بنیاتی هزری دەقی شیعری شاعیردا، کە ئەمەش دەبێتە پێکهێنەری شێوازی هێڵی تایبەتی لە ئاستی هزری شیعرەکانی سۆفیگەری صافی هیرانیدا.

## ئەنجامەکان

- شێوازی شیعری سۆفیگەری لە ئاستی هزریدا، چەند ڕایەڵێکی هزری گشتی و تایبەتی لە خۆی دەگریت، کە لە دەوری چەند باس و تەوەرەیەک دەسووڕێنەوە، وەک: (عەشق و خۆشەویستی، گفتوگۆ لەگەڵ دڵ و سەرزەنشتکردنی خود، ستایشی مورشیدی حەق، تەرکی دنیا و دژایەتی کردنی نەفس، هانابردن بۆ پێغەمبەر و شێخی تەریقەت، گوزارشتکردن لە مەقام و حاڵەکان، بەکاربردنی چەمک و زاراوە و ڕەمز و کەسایەتییە عیرفانییەکان، لێبوردەیی و دوورکەوتنەوە لە ڕق،...هیتر) ئەم باس و تەوەرانەش لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافی هیرانییدا ئامادەیی هەیە.
- خۆشەویستی یەکیکە لە بنیاتە هزرییەکانی شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافی هیرانی، شاعیر بە شێوازێکی گشتی و تایبەتی لە ڕوانگەی جیهانبینی کۆمەڵایەتی و دەروونی خۆیەوە گوزارشتی لە بابەتی خۆشەویستی و پلەکانی عەشق و توانەوە لە خۆشەویستی مەعشوق و یاردا کردووە، کە لە شیعری صافیدا یار هەندێک جار خوایە، هەندێکجار دەبێتە پێغەمبەر(د.خ) هەندێکجاریش دەبێتە ڕابەر و مورڕشیدی تەریقەت. مەبەستی شاعیریش لەمەدا ئەوەیە، کە دەیەوێت پلە بە پلە بە پەیژەی عەشقدا سەرکەوێت لە ڕێگەی ئەم خۆشەویستییانەوە بە یاری موتڵەق بگات، کە خوای گەورەیە.
- تەوەرەیەکی تر لە شێوازی گشتی بنیاتی هزری شیعری صافی هیرانیدا، کە بوون بە سیمای گشتی شیعری سۆفیگەری صافی هیرانی، کە سۆز و بیر و وێنە شیعرییەکان و دەقئاوێزان و تیلنیشان و میتافۆڕەکانی شیعرەکانی شاعیر لە چوارچێوەی ئەم بابەت و ناوەرۆکانە دەسوڕینەوە. بریتیە لە باسکردنی مەقام و حاڵ و بەکارهێنانی چەمک و زاراوە و کەسایەتییە سۆفیگەری و عیرفانییەکان، ڕوداوەکانی پەیوەست بەم بوارەوە.
- شێوازی تایبەتی لە بنیاتی هزری شیعری سۆفیگەری صافی هیرانیدا، بە چەند هۆکارێکی کەسی پەیوەستە، کە تایبەتن بە خودی کەسایەتی شاعیرەکەوە، بەمەش لە شێوازی گشتی جیا دەکریتەوە، کە پشت بە کۆمەڵێک هۆکاری (دەروونی، عەقڵی، زیرەکی و شارەزایی کەس، ئەزموونی کەسی و خیزانی) دەبەستێت، صافی هیرانی لە ژینگەیەکی خێزانی سۆفیگەری پەروەردە بووە، لە ڕێگەی پەروەردەی خێزانی و باوک و باپیرانییەوە، تام و چێژی سۆفیگەری  وەرگرتووە و لە ڕێی شوین  پێ هەڵگرتنی ئەوانەوە بە پلە و پایەی پیرانی خودا گەیشتووە. ئەمەش بووە بە دیاردەی شێوازی بۆ شیعرە سۆفیگەرییەکانی صافی هیرانی.
- هەموو ئەو باس و بابەتە گشتی و هاوبەشانەی لە شێوازی گشتی ناوەڕۆکی شیعرەکانی صافیی هیرانیدا خراونەتەڕوو، بەهۆی فۆڕمەلەبوونیان بە تایبەتمەندی بنەمای (چۆنیەتی و ڕێژەیی)بوون، لە لای صافیدا، سیمای کەسی و ناسنامەی شێوازی تایبەت وەردەگرن، دیاردەی شێوازی تاکەکەسیيان بۆ دروست دەبیت. چونکە هەر باس و بابەتێک هەرچەندە گشتی و هابەش بێت دواجار بە ڕێگەی ئەزموون و سیفەتە عەقڵی و دەروونییەکانی صافی هیرانیدا تێپەڕدەبن و فلتەر دەکرێن و بەرجەستە دەکرێن، ئەمەش بووە بە پێکهێنەری شێوازی تایبەتی و دیدی تایبەتی شاعیر.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: بەزمانی کوردی**


- بودوخە، د. مسعود، (٢٠٢١) شێوازناسی و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعرییەت، وەرگێڕانی: د. صافیە محەمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانە؟، شوێن؟.
- چالی، شەعبان. (2008) شێوازی شیعری جەزیری. چاپی یەکەم. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر
- خەزنەدار، د. مارف. (2010) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- خەلیل، د. ابراهیم محمود. (2017) ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگێڕانی: پ.ی.د. محمد تاتانی، چاپی یەکەم. چاپخانەی کارۆ. سلیمانی.
- شکار، سەبور عبدالکریم، (٢٠٠٩)، ڕەنگدانەوەی کەسێتی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بە تایبەت لای مەحوی و حافزی شیراز، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال. سلیمانی.
- شوان، د. ابراهیم احمد. (2001) سۆفیگەری، شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، چاپی یەکەم. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر
- صافی1، دیوانی، (١٩٧٣)، گێو موکریانی، چاپخانەی کوردستان، چاپی سێیەم، هەولێر.
- صافی٢، دیوانی، (٢٠٠٤)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی: محمدی مەلا مصطفی هیرانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- قطوس، د. بەسام. (2011) دەروازەیە بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ. وەرگێڕانی د. محمد تاتانی. چاپی یەکەم. چاپخانەی شیڤان. سلیمانی.
- کاکی، حەمە نوری عومەر. (2008) شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی تیشك. سلێمانی.
- گولەن، محمد فتح الله، (2013)، دڵ و گیان، وەرگێڕانی: حەسەن حەمە کریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر.
- نەقشبەندی، ئەمین شیخ علاءالدین. (١٩٨٥)، تەصەووف چییە، چاپی یەکەم، دار الحریە للطباعە، بغداد.


**دووەم: نامەی ماستەر**


-حەسەن، سەردار ئەحمەد، (١٩٩٣) سافی ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
-نادر، ڕیناس خالص، (2022)، مێتافۆڕی چەمکیی عەشق لە شیعرەکانی (صافی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.


**سێیەم: بەزمانی عەرەبی**


- البخاري؛ محمد بن إسماعيل البخاري، (2012)، صحيح البخاري، المحقق: مركز البحوث وتقنية المعلومات، المجلد: الاول، الطبعة: الاول، الناشر: دار التأصيل.
- بيرجيرو، (1994) الاسلوب و الٱسلوبيه، ترجمة: د. منذر عياشى، الطبعة الثانية، الناشر دار الحاسوب للطباعة، حلب.
- حسين، قاسم عدنان. (2001) الاتجاه الأسلوبي البنيوي في نقد الشعر العربي، طبعة الأول، دار العربية للنشر. مصر.
- رحمانى، د. أحمد. (2004) نظريات نقدية و تطبيقاتها. طبعة الاولى. القاهرة: مكتبة وهبة.
- فضل، د. صلاح. (1998)، علم الأسلوب مبادئه و أجراءاته، طبعة الأول، دار الشرق، القاهرة.
- القشيرى، ابو القاسم عبدالكريم بن هوزان. (؟) الرسالة القشيرية في علم التصوف، بغداد: دار التربية للطباعة والنشر.
- قصاب، د. وليد. (2007) مناهج النقد الأدبي الحديث. طبعة الاولى. دمشق: مطبعة دار الفكر.
- المسدى، عبدالسلام. (1993)، الاسلوب والاسلوبية، دار سعاد الصباح، طبعة الرابع، الكويت.

# General and Specific Line Styles of Safi Sufi Poetry at the Intellectual Level

**Rebwar Muhammed Ismael**
Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University-Erbil,Erbil,Kurdistan Region,Iraq
Rebwar.ismael@su.edu.krd

**Abstract**
This research is entitled (General and Specific Line Styles of Safi Sufi Poetry at the Intellectual Level). This paper presents the subject of Sufism and areas related to Sufism. The dimensions of this issue are studied in the poem of Safi Hirani.
Here the emphasis is on the style of Safi poetry at the intellectual level. In other words, in terms of message and content, the Sufi characteristics of Safi poetry, which have been mentioned in the world of Sufism and Islamic Sufism, are presented.
The first part presents some general and theoretical aspects of the introduction of the topic. The second part then refers to the general style of Sufi subjects and thought in poetic texts, followed by the specific style of Safi in this field. His Sufi thoughts, purposes and characteristics are discussed, the level of thought of his Sufi poems is pointed out and the content, quantity and how Sufi principles are reflected in the texts of Safi's poems are presented. As one of the classical poets of the Kurdish Middle School, Safi expressed his Sufi ideas in his poetic texts under the influence of Islamic Sufi literature. This fact is reflected in the content of his poems.

**Keywords:** Sufism, personal style, intellectual level, divine love, message.

## الأسلوب العامة والخاصة في القصائد الصوفية (لصافي هيراني)على المستوى الفكري

**ريبوار محمد اسماعيل**
قسم اللغة الكورديه،كلية التربية، جامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق
Rebwar.ismael@su.edu.krd

**الملخص**
هذا البحث بعنوان (الأساليب العامة والخاصة في القصائد الصوفية (لصافي هيراني)على المستوى الفكري). يعرض هذا البحث موضوع التصوف والمجالات المتعلقة بالصوفية. وتتم دراسة أبعاد هذه القضية في قصائدة صافي الهيراني.
ويتم التركيز هنا على أسلوب شعر الصافي الشاعر صافی على المستوى الفكري. بمعنى آخر، من حيث الرسالة والمضمون، يتم عرض الخصائص الصوفية للشعر الصوفي، والتي تم ذكرها في عالم التصوف و التصوف الإسلامي خاصه.
يعرض الجزء الأول بعض الجوانب العامة والنظرية لمقدمة الموضوع. ثم تناول المبحث الثاني الأسلوب العام للمواضيع والفكر الصوفي في النصوص الشعرية، ثم الأسلوب الصوفي الخاص في هذا المجال. وتناقش أفكاره الصوفية ومقاصده وخصائصه، كما يتم الإشارة إلى مستوى فكر أشعاره الصوفية، كما يتم عرض محتوى وكمية وكيفية انعكاس المبادئ الصوفية في نصوص أشعار الصافي. باعتباره أحد الشعراء الكلاسيكيين في المدرسة المتوسطة الكردية، عبرّ صافي عن أفكاره الصوفية في نصوصه شعرية تحت تأثير الأدب الصوفي الإسلامي. وتنعكس هذه الحقيقة في محتوى قصائده.

**الكلمات المفتاحية:** التصوف، الأسلوب الشخصي، المستوى الفكري، الحب الإلهي، الرسالة.